# دیوانی بێوەیی

## سەرجەمی بەرهەمی ژیان

ئەمین نەقشبەندی

سەرجەمی بەرهەمی ژیان

# دیوانی بێوەی

ئەمین نەقشبەندی

رقم الايداع ١٣٥٥
في المكتبة الوطنية ببغداد لسنة ١٩٨٧

الاخراج الفني: عبدالقادر علي مردان

# کورتە سەرگوزەشتێکی ژیانی شاعیر

زۆربەی سالان بەتایبەتی لەمانگی کانونی یەکەم دا بەفر بیارە دەگرێ. ئا لەو مانگەدا بەرەبەیانێکی زوو، کە دارو درەخت و کێو باخو باخات سەرپۆشێکی سپی دراوە بەسەرا ڕەشایی بە دەرەوە نەماوە جگە لە گوریسێکی ڕەش کە بە ناو باخەکاندا دیارە، ئەویش چەمی بیارەیە ئا لەو بەرە بەیانەو لەڕۆژی یەك شەممەی ٢١/١٢ی سالی ١٩٣١ زایین، بەرانبەر بە پانزەی شەعبانی سالی ١٣٥٠ی کۆچی، شیخ ئەمین لە خێزانێکی دینیی گەورە لە بنەماڵەی شیخ عەلائەددینی بیارە هاتۆە دونیاوە.

دەربارەی دینەوە دەربارەی سۆفی گەریتیەوە، دەربارەی تەکیەو خانەقاوە، دەربارەی کتێبخانەی دینیەوە، دەربارەی حوجرەی فەقێو مامۆستاو زانای دینیەوە، هەرچی بلێم، بەلای منەوە ناتوانم بە تەواوی مافی خۆی بدەینێ، بۆیە دەس بەجێ دێینە سەر ئەوەی کە بلێین شیخ ئەمینی کوری شیخ عەلائەددین هەر لە منالیەوە وەك دەیان فەقێی دیکە خوێنویەتیو هەمیشە پەیوەندیەکی زۆر بە تینی هەبووە لەگەڵ مامۆستاکانیدا، تەنانەت ئیستەش ئەو پەیوەندیەی لە گەڵ مامۆستا مەلا کەریم دا کە وەختی خۆی مامۆستای مەدرەسەی خانەقای بیاربووەو ئەمیش لە لای ئەو خوێندوویەتی، هەروا ماوەتەوەو بگرە بەتین تریش بووە، لە حوجرەدا زۆر شتی دەربارەی ڕێزمانی عارەبیو هەندێ سەرەتا دەربارەی علوومی دینی لەلای مامۆستا مەلا کەریم خوێندوە، دەرسی تەجویدی قورئانیشی لای مەلا بەهائەدینی بیارە خوێندوە.

له تەمـەنی (٨) هەشت ساڵیدا لەگەڵ براکـانی تریدا خرایـە قوتابخـانـەی میریەوە لە ساڵی «١٩٤٤» زاینیدا کە لە پۆلی شەشەمی سەرەتاییدابووە لەگەڵ دایکی ڕابعە خانم وبراو خوشکەکانی چووە بۆ سەردانی ماڵی خاڵوانی لە شاری «دیرالزو لە سووریە» کە دیارە ئەمەش لە گەرمەی جەنگی جیهانی دووەمدا بووە ولە وێ بۆ ماوەی (٩) نۆ مانگە ماونەتەوە.

هەر چەندە ئەم ماوەی نۆ مانگە دەبێتە هۆی ئەوەی کە نەچێتە قوتابخانە، بەلام لە قوتـابخـانـەیێکی دیکـەدا خەریـك دەبێ کە ئەویش لە «دیـر الـزور» لە نێو خێزانێکی عارەب دا بە تەواوی فێری زمانی عارەبی دەبێ.

وەختێ کە دەگەڕێنەوە بۆ هەورامان، بیارە، ناچێتەوە قوتابخانە بەڵکو کونجی خانەقا دەکا بەجێگای خۆیو سەردەنێتە ذیکرو تەلیلەی سوفی گەرییەوە، بەدەم ئەوەشـەوە سەرفـو نەحـوی عارەبیو هەنـدێ لە شتی سەرەتـایی شەرع دەخوێنێو فێریان دەبێ.

ساڵی (١٩٤٦) زاینی، دووبارە سەر لە نوێ شێخ ئەمین کەڵکەی خوێندنی دەکـرێتـەوەو پاش تەواوکـردنی پلەی سەرەتـایی لە بیـارە دەچێ بۆ سلێمـانی، بۆ ئەوەی پلەی ناوەنـدیو ئامـادەیی تەواو کات، سـاڵـی ١٩٤٨ حەزرەتـی شێـخ عەلائەدینی بیارە بە بۆنەی ئەوە کە تاخۆی ماوە مناڵەکانی هەر یەکە لە شوێنی خۆیـانـا دامـەزرێنـو پاش خۆی ئاژاوەو ناکـۆکی نەکـەوێتـە ناو مناڵەکانیەوە باخ و زەویو زارو موڵکـەکـانی دابـەش ئەکـا بەسـەر ئەنـدامـانی خێـزانـەکـانیداو ئەحمەدئاواش دەدا بە شێخ ئەمین و خوشکو براکانی کە لەدایکو باوکێکن لە بەر ئەوەو لەبەر ئەوەش بتوانێ وەك گەورەی خێزانێ خوشکو براکانی بە باشی بژیێنێ، شێـخ ئەمـیـن قوتـابـخـانـەی بەجێ هێشت و چووەوە بۆ ئەحمـەد ئاواو ئەرکی بەڕێوەبردنی ئەو خێزانەی گرتە ئەستۆ.

لە ئەحمەدئاوا، شاعیر دەمێنێتەوە بە کشتوکاڵەوە خەریك ئەبێ، زۆر بە ڕێزو بە سەربەرزیو پیاوانە ئا لەویدا دەژی.

شاعیر لە سالّی ١٩٥١ زایینیدا لەگەلّ نەجیبەخان کچی محمودخانی دزلیدا زەماوەن دەکات و بەرهەمی ئەم ژن هێنانە ئێستە چوارکورو کچێکە کە ناویان بەم جۆرەیە:

ئەمیر، بیوەی، ئازاد ئاریز رەنگین لە نەوروزی سالّی ١٩٥٤ زایینیدا باوکی شاعیر لەدونیا دەرچووە بەرویشتنیی خەمو ئەرکێکی گەورەی بۆ شێخ ئەمین بەجێ هێشت.

لە سالّی ١٩٦٣دا بەهۆی ناهەمواری جێگای جوگرافی ئەحمەد ئاواوە شێخ ئەمین ناچار دەبیّ کە ئەحمەدئاوا بەجیّ بهێلیّو دەچیّ بۆ مەلّبەندی نیشتمان پەروەرو دلسۆزی کورد مەحمود خانی دزلی ـ کەخەزوریەتی (خەزوری شاعیر)و بۆ ماوەی سالّێك لەویّ دەمێنێتەوە.

پاشان شاعیر کۆچ دەکا بۆ مەحمود ئاوای «دوورۆ» کەمولّکی شێخ عوسمانی برایەتی بە تەنیا مالّە ئا لەویدا جێگیر دەبیّو پاش ماوەی پێنج (٥) سالّێك واتە لە سالّی ١٩٦٧دا کۆچ ئەکات بۆ کرماشان.

شاعیر هەرچەن لەویّ نیشتەجیّ بوە بەلاّم هەر چاوی لەوە بووە کە بتوانیّ بگەرێتەوە بۆ نیشتمانەکەی خۆیو هەمیشە هەر لە دوورەوە چاودێری چاکبوونی دۆخی رامیاری نیشتمانەکەی کردووەو لەو ئاوتەدا بووە کە دۆخی رامیاری چاك بییو هێمنی بەرپابێتەوە.

بۆ راستی ئەم باوەرەمان ئەتوانین دەس نیشانی هەندیّ هۆنراوەی بکەین، واتە دەست بۆ بریّ لە هۆنراوەکانی شاعیر وەکو هۆنراوەی جەژنی دوور ولاّت کە بە هەورامییە هەروەها سەیرێکی هۆنراوەی هاورێی شکار بکەین کە بۆ حاجی حەمەجانی زەلّمی نوسیوە.

هەرچەند کە شاعیر گیرۆدەی دەر بە دەرییو ئەرکی مالّو خێزان بووە لەگەلّ ئەوەشا هەمیشە هەولّی ئەوەی داوە کە بەتیریّ دونیشان بشکێنیّ وەخویندنیش تەواو بکات وە هەر لە هەمان کات دا ناوی خۆیشی لە قوتابخانەی میریدا دەنوسیّو دەتوانیّ پلەی ناوەندیو «سانەوی»یش تەواو بکات.

پاشان بۆ ئەوەی بتوانێ خوێندنی تەواو بکات خۆی نەقلی تاران دەکات، ئا لەوێ لە کۆلیجی «حقوق» دەخوێنێ‌و پاش ساڵێك شیخ ئەمین واز لەم کۆلیجە دەهێنێ‌و دەچێتــە کۆلیجی ئەدەبیــات بەشی عارەبی، کە لەوێــدا فارسی‌و عارەبی پێکەوە ئەخوێنرێن، پاش تەواو کردنی خوێندنی ئەم کۆلیجە بڕوانامەی لیسانس لە ئادابی عارەبی‌دا وەردەگرێ.

ساڵی «١٩٧٨» شاعیرمان ماڵی دێتە شاری سنە. پاشان و لەپاش بەرپابونی ئاژاوەی کوردوستان ئەمیش ئیستیقالە دەکات و ڕووئەکاتەوە نیشتمان و لە سنوری تەوێــلەوە لە ڕۆژی ١٣/٩/١٩٧٩ دا دێتــەوە کۆشی نیشتمـــان وە هەر ئەوڕۆژە دەگاتەوە لانکە شیرینەکەی بیارە ٢٩/١/١٩٨٠.

**محمد أمین غفور هەورامانی**

---

ئەمـە کورتـەیێکـە لە پێشـەکی یەکەی کە ماموّستا محمدامین غفور هەورامانی لە ساڵی ١٩٨٠دا بۆ بەشی یەکەمی بەرهەمی ژیانی نوسیبو..

# بەناوی خودا

هاوولاتیانی ئازیز، ئەوەی کە بۆم کرابێت، لە ماوەی نزیکەی (٣٥)سی‌و پێنج ساڵا بە زووانی پێنوس وە بەشێوەی هۆنراوە، لە هەستی دەروونم بەرانبەر بەو ڕووداوانەی کە پێش چاوم کەوتونو بە خەیاڵما هاتوون خستنمە بەرچاوتان، دیارە کە هەر نوسراوەێک، لە هەرپلەو پایەێیکا، ناتوانێ بێ‌عەیب بێت، بەڵام ناکرێ بڵێین بێ کەڵکیشە، زۆر مە بەستی نوسراوی وا هەیە کە پاش صەدانساڵیش ئەکرێ کەڵکی لێ وەرگیرێت، یان کەمو کووڕێ لێ دەرکەوێت. هەر چۆن بێت، ئەم دیوانەی کە لە پێش چاوتانایە پیشاندەری هەستی دەروونی منە بەرانبەر بە ژیـان و سوروشت و مرۆڤ و ئایین و عادات وەزۆر مەبـەستی تریش، بەڵام هەر یەکەی لە پلەیێکی ژینا نوسراوە، جا چونکو بیروڕاو ویجدانیات وە عەقیدەو باوەڕ لە دۆخێکا نامێنێ‌و وا لە گۆڕینا هەر بەشەی لەم هۆنراوانەم پیشان دەری هەستی دەرونن بەرانبەر بە ڕوداوەکانی جیهان لە قوناغێکی تایبەتی تەمەنما، من ئێستـە زۆرتـری بیـر لەوە ئەکـەمـەوە کە خۆزگـە هەمـووی تەمـەنم بەخـوێندن و خودانـاسی‌و خوداپـەرستی‌و خدمـەت بەمـرۆڤ و مرۆڤـایـەتی، وهـەروەها کەڵک وەرگرتن لەسەیر کردنی جووانی‌ی سورشت ببردایێتە سەر، بەڵام بە داخەوە تازە تەمەن ناگەڕێتەوەولە دەس دەرچووە.

هەرچوّن بێت توانایی هەست دەر برینو لە زیان تێگەیشتنم لە مەیدانی شیعرا ئەوەتە کە لەبەر دەستانایە، زۆرشتیش هەیە کە مروّڤ، یان پێویست نیە دەری بڕێ، یان بگرە ڕووانی شیعر نەتوانێ دەری بڕێو بیخاتە قالبەوە، یان هیچ نەبێ ڕووانی شیعری من لە دەربڕینیا ناتەوان بێت، کەواتە ئەم دیوانەم لە صەداصەد ناتوانێ پیشان دەری هەمووی هەستەکانی دەروون و باری ژیانم بێت بەڵکـو ئەتـوانـم بڵێم بیشـان دەری بەشێکی گرنکـە لە هەستی دەروونم، کە پێش کەشی هەموو مروّڤێکی واقیعی‌یەت ویستی ئەکەم.

بڕێ لە هوّنراوەکانم وەکو ئەو پارچە شیعرەی کە لەسەرەتای دیوانەکە بەرانبەر بە وێنـەکـەی خوّم نوسیـومـە، یان هوّنـراوەی «هەر ئەبێنە گڵ» کە ئەڵێ گیانە ئەو خاکـەی کە هێنی توّیـە. . بگـرە بوّ خوێنـەران واپیشـان بدەن کە من هوّنـەرێکی (بـەدبین) واتـە (موتـەشـائیمم) نا. هەرگیـز وانیـە بەڵام لایشم وایە ئەوانەی کە نایـانـەوێ گوێ بوّ قسـەی ڕاست ڕاگـرن، لە واقیعی‌یـەت وتن و قصـەی ڕاس بێزارن، وەکو کەسێك کە (جووان چاك) نەبێت و پێشی ناخوّش بێت پێی بڵێین ناشیـرین، یان هەر جوّرە کەمـو کوورییکی‌تـری بەژنو باڵاو رەوشت و کردار، مەسەلەی مەشهورە کە ئەڵێ (کەس بە دوّی خوّی ناڵێ ترش)جا هەر وایە ئەگەر کەسێـك بڵێ ڕوّژێـك ئەبێت کە ئەبێ بمـرین و ئەم جیهـانـە چوّل کەین ئەڵێن موتـەشـائیمـە، من لام وایـە ئەمـە وتـەیێکـە کە موبتەدایکە ئەبێ گوێ ڕاگرین بوّ خەبەرەکەی، جائەگەر ئەو کەسە پاشماوەی وتەکەی تەواوکردو وتی، بابوّ ئەم چوار ڕوّژی عومرە نەبینە دركو بروّین بە چاوی خەڵکاو نەبینە ژاری مارو بروّین بە گەرووی هاو نەوعـانمـانـا، یان وتی کورینـە خەڵـك مەکەنە پەیژە بوّ سەرکەوتنی خوّتـان و وتی کارێ مەکـەن کە نانی خەڵـك ببـرن بوّ ئەوەی چوار ڕوّژی عومـر سفرەی خوّتانی پێ رەنگین کەن ئەوە هیچ کاتێ بەوە ناوترێ موتەشائیم، بەڵام ئەگەر وتی مادام دنیا هەر مردنە ئیتر چیمان لە تێکوّشان داوە، با هەروا تەمەڵ و تەوەزەل لێی بکەوین و لە کونجێکا تەرکی دنیا بکەین، یان با هەر شەوو ڕوّژ

سەر خۆش بین و نەیینەوە هۆش کە لە جیهان و دەردی سەریەکانی بگەین. . لام وایە ئەوەتە موتەشائیم.

ئەوەشم لە یاد چوو کە بڵێم «نازناوی» شیعریم «بێوەیە» وە ئەوەندە ئەم ناوەم لاخۆشە کە یەکێ لە کورەکانیشم ناو ناوە بێوەی.

جا ئەوە ئێوەو ئەمەش «بەرهەمی ژیان» دیارە کە دیاری هەر کەسێك بە ئەندازەی توانایی خۆیەتی، منیش هەر ئەم بەرهەمە بچکولەیەم لە دەس هات کە وا پێش کەشی گەلەکەمی بکەم هەرخۆش بن.

**ئەمین شیخ عەلاء ئەددین نەقشبەندی**
**١٩٨٠**

---

ئەمەش کورتەیێک بوو لە پێشەکیی بەشی یەکەمی « بەرهەمی ژیان » کە حەوت هەشت ساڵێ لەمەوپێش نووسیبوم.

# پێشەکی

هاوولاتیانی ئازیز، هەرچەن وا حەوت، هەشت ساڵێ بەسەری چاپکردنی دیوانە پێشووەکەدا تێ پەڕیوە لە گەڵی ئەوەشا شتێکم نییە بیخەمە سەری پێشەکیەکەی پێشوو جگە ئەوەی بڵێم، وا هەروەکو بەڵێنم دابوو بەشی دووهەمی دیوانە کەیشم پێش کەش کردن کە لام وایە نزیکەی «پێنصەد» دێرە شیعرێکە وە هەردوو بەشەکەم پێکەوە چاپ کرد، هەوڵی ئەوەش ئەدەم کە ڕێك و پێك تر چاپ بکرێ.

بابەتە شیعرەکانیشم جوێ کردوەتەوە لە یەکتر بۆ ئەوەی هەر بابەتێکتان ویست بە ئاسانی بتوانن پەیدای بکەن.

تکایێکم لە خوێنەران هەیە، ئەویش ئەوەتە، سەبارەت بەهەموو کتێبێ چ شیعر، یان هەرچیتر؛ تا بەباشی نەیخوێننەوە داوەریی تیا مەکەن، باشتریش وایە کە بیخوێننەوە.. چونکە «کتێب بۆ خوێندنەوەیە نەك بۆ کۆکردنەوە».

هەمیشە ئەو مەترسییەش هەیە کە گرنگ ترین شوێنی ئەو کتێبە.، چ بۆ چاکی، چ خوانە خواستە ناچاکی لەو شوێنەدابێ کە جێت هێشتووە.

هەروەکو داوەری کردن سەبارەت بە کەسانیش هەر ئەبێ پاشی ناسینێکی قووڵ بێ.

هەروەها لەسەر داواکردنی زۆرێک لە دۆستان، پەراوێز نووسی یەکانمان لەسەری شیعرەکان لابرد، چونکە ئەوەی پێویست بوو بێ لەدیوانی پێشوودا روون کراوەتەوە.

هەروەها پێشەکی یەکانیشم کورت کردوەتەوە. چونکە جگە لەدیوانە پێشووەکەش، لەپێشەکی کتێبی (تەصەووف چی یە)دا، بەرادەی پێویست نووسراوەو پێویستی بە دووبارە کاری نی یە.

ئیتر بە خوام سپاردن، ئەوە ئێوەو ئەمەش «سەرجەمی بەرهەمی ژیان».

هەر خۆش بن.

(ئەمین نەقشبەندی)
١٩٨٧/١٢/١

# سەرجەمی بەرهەمی ژیان

لە هۆنراوەکانی

## ئەمین نەقشبندی

(بێوەی)

ئەم وێنە کەوا بێ زوان و ڕۆحە
بەرانبەر بە تۆی ئازیز وەستاوە
چەن ڕۆژێك بۆ ژین نۆرەی پێدرا
کە بۆ دەردی سەر بێتە دنیاوە
خۆشیو ناخۆشی ژیان بچێژێ
بگەڕێ بە سەر دەشت و چیاوە





هەر لە منالّی تا دەمی پیری
ڕێگای زانینی داوە وە پاوە
لە باخی گولاّن گولّی چنیوە
جەورو ئازاری درکی کێشاوە
تاقی کردەوە هەزاران هەزار
لەوەی کە دۆس و دوشمنی ناوە
لەپاشاو سەرەك کۆمارو وەزیر
لە زاناو نەزان غەنی‌و گەداوە
ئەمانەی هەموو کردوونە گەنجێك
لەناو دەروون و مێشکا دای ناوە
بەلاّم داخەکەم دەورانی گەردوون
قەت گوێی بەم ڕەنج و گەنجە نەداوە
گەنجی زانین و تەجروبەی ئینسان
لەگەلّ ئینسانا دەفن کراوە
چون زۆر شت هەیە بە دەرس ناوێژرێ
هەر کەسەی بە جوێ بەشی دراوە
جێگەی ئەو، دلّ و میشکی مرۆڤە
نە پەڕەی کاغەز نەڕووی پەڕاوە
سوونەتی گەردوون وایەو وائەبێ
(کە ژیانی دونیا، ژینی ناو داوە)
پاش ئەوەی داوی گەردوون گرتیتی
دەمێ پێت ئەدا لەم دان و ئاوە
هەر کەخۆی ویستی گیانت ئەکێشێ
لە سەر سفرەی ژین گوشتت کەواوە

منیش هەروەکو هاو نەوعانی خۆم
ئیسم و ڕەسمێکە لە من جێ‌ماوە
من وە کو تۆ بووم تۆش ئەبیتە من
ماوەو ئەمێنی ئەم ڕەسم و باوە

بەغدا ـ ١٩٨٠

# پیا هەڵدان

# جوانیی سوروشت
# له بەهاردا

بەهارە باوشی شیو پرگوڵ
هەڵاڵەو تەرز ئاڵاو لەچڵ
داوێنی پڕ گوڵە بنار
شیلان لەمل، باخی هەنار
نێرگس لوتوانەی بووکی دەشت
سەوزە. سەرمەستی بادەی وەشت
شاخ پێی ناوەتە ئاوی چەم
پاڵی لێداوەتۆ بێخەم
بۆ لوتکەی چیا هەوری تەنك
بوەتە سەرپۆشێکی ناسك
لە صەد ڕەنگە ڕەنگین کەوان
ملوانکەیە لەملی کێوان
بۆچی ئاوی ئەو کێوانە
بەجێ دێڵن ئەو کوێستانە؟
بۆ ناوی دۆڵ وا پەرێشان
خۆئەدەن لە بەردو تاشان
لە کوێستانەوە بۆ گەرمێن
لە لوتکەی چیاوە بۆ داوێن
نازنم بۆ؟
بەفراوی لوتکەی شاخو کۆ

خۆت ئەخەیتە سەرداوێن تۆ؟
بۆچ داوێنی کێو ماچ ئەکەی؟
بەهەڵا داوان دەم ئەبەی؟
بەفراوی ساردی کویستانی
بەخورە خوڕو دەنگی جوانی
گوتی شەش مانگی تەواوە
شاخ منی لەسەر سەر ناوە
بۆ سپاسی ئەم کارەبەرزە
پێ ماچ کردنی شاخ فەرزە

مەل، سەرمەستی وەرزی بەهار
بە تاکوجووت یان بە قەتار
نەوای دڵداریی ئەخوێنن
بەزمی دڵداریی ئەجوێنن

چناری گەڵا تازە کردوو
بەرگی زستانی لابردوو
لەبەر تریفەی مانگە شەوا
گوڵ و شەونم وان لە خەوا
سەرەتاتکێ ئەکا بۆیان
سەر ئەکێشێتە پشت تەڵان

ئەستێڵی مەنگی ناوی باخ
ئەم بەری شاخ ئەو بەری شاخ
خەیاڵ ئەبا بۆ دنیای دوور
بۆ جیهانێکی بێ سنوور

قورباقی بچکۆلەی دەنگ زل
زەنجیرەی ئاوی گۆم لەمل
ئەو بێ دەنگی‌یە ئەشکێنێ
کتوپڕ دات ئەچڵەکێنێ

بەق وێڵی جووتی خۆیەتی
کەی شەرمی من و تۆ یەتی
بە قاسپە بانگی چیڵ ئەکات
کەی لە ڕاوکەر خۆی لائەدات
ڕاوکەریش، هەرواز نایینێ
ئەیەوێ گیانی دەربێنێ

هۆهۆی جوتیاری چێشتەنگاو
دەنگی تێکەڵی هاژەی ئاو
کام نەغمەیە لەوە خۆشتر
دڵ و دەروونم داپۆشتر

ئای لە ئاسۆی شینی بەهار
لە خاڵ خاڵانی لانزار
کام ڕەنگ جوانترە لەوانە
زاخاو دەری ڕۆح و گیانە
کام بۆن وەك هی بەهار خۆشە
کام وەرز وایە گوڵ لەکۆشە

پەپوولەو هەنگ
هەردوو بێ دەنگ

سنگی گوڵیان دایە لاوە
بە هەڵفڕین و سەماوە
ئەیان مژی مەمکی گوڵان
پڕ بە دەم و ڕۆح و گیان

شەو بە دزی‌یەوە شەونم
ئەیوت بۆ دیتنی گوڵ ئەچم
ئەخزێتە باخەڵی گوڵان
بۆی ئەنوێ هەتا بەرەبەیان
ئەوسا نۆرەی تیشکی ڕۆژ بوو
ئای چەن خۆش بوو، ئای چەن خۆش بوو!

تیشکی تا ناخی گوڵ ئەچوو،
کە خۆر ئەهات شەونم ئەچوو،
خۆری لەگوڵ تاسە شکاو
لە ڕۆژ ئاوا سوور داگەڕاو
چاوی لە پێ دزەی شەونم بوو
سەر لە نوێ بۆ لای گوڵ ئەچوو
بەڵێ هەر کە ڕۆژ چویەدەر
هاتەوە شەونمی کوڵ نەدەر

ئەی تۆ، ئەی شەوبۆ جوانەکە
گوڵە سوورەی کوێستانە کە
بۆ خۆت داوەتە پاڵ چنوور
ئەو سەوزێکی تێرو تۆش سوور

چۆنە ئاوا کەوتوونە یەك
کردووتانە بە ڕەش بەڵەك
هەراڵە برەمی گەردەن بەرز
چاوانی بریونەتە ئەرز
نەوەکو هەڵکەوێ قاچی
چنوورو لۆ بکەن ماچی
بەرزەڵنگی سەر لوتکەی شاخ
شاخی بەرزی بەرزە دەماخ
بۆنی خۆشی بۆیە دەس کەوت
بەسەر لوتەی شاخەوە خەوت

دار گوێزی، پیری چەن ساڵە
وا خۆی داوەتە ئەو پاڵە
تازە پاژەرەژ کردوو وە
خەمی دەروون لابردوو وە
ئەنازێ بە سایەوو بەری
بە داری جوان وەك پەیکەری
هەماری ماڵە کوردانە
هەم خاوەن بەرە هەم جوانە
ئەوە لەوەرزی بەهاران
لە قەدپالاّن و بناران

ڕازێنەری دۆڵ و شاخە
گەورە درەختی ناو باخە.
ئاوی چەم پاوانەی زیوە
لە قاچی دارگوێز ئاڵیوە

دەنگی مەلان مۆسیقایە
بۆ ئەم سەیران و سەمایە
شەماڵ چۆپی کێشی باخە
جاڕی دا لەو شاخ و داخە
وەرن وا وەرزی بەهارە
جیهانێکی تازە کارە
ئای کە جوانە، ئەم دنیایە
باسی بەهار دوایی نایە
«بێوەی» تۆیش بەهارێکت بوو
هەروەك بەهار زوو بەسەر چوو
هەرچەن شیعرت جوان و تەڕە
هاوینت هاتوەو پوش پەڕە

بەغدا ١٩٨٤/٤/٢٤

١ ـ ڕەنگین کەوان ـ قەوس قەزەح
٢ ـ ئەستێڵ «گۆمی ناو باخ» ئاوی بەرپەنگ دراو
٣ ـ قورباق ـ بۆق
٤ ـ بەق ـ نێرەکەو «بەق و چێڵ وەکو کەڵەشێرو مریشک».
٥ ـ چێڵ ـ ماکەو
٦ ـ چنورو لۆ ـ دوگیای بۆن خۆشی کویستانی‌یە.
٧ ـ هەراڵە برەم ـ هەڵاڵەبرەم «هەراڵەبرایمە» شلیرە، گوڵێکی سوری گەورەی کویستانی‌یە.
٨ ـ بەرزەڵنگ گیایێکی خوڵەمێش ڕەنگی کویستانی‌یە کە بە بەرزترین لوتکەوە بەسەری بەردەوە ئەڕوێ.
٩ ـ پاژەرەژ ـ گەڵای تازە پشکوتوی دارگوێزە کە هەر لە پەنجەی کەو ئەچێ «ژەرەژ» واتە کەو.
١٠ ـ پوش پەڕ ـ یەکەم مانگی هاوینە.

# چەژنی نەورۆز

ئۆخەی ئەی نەورۆز جەژنی کوردستان
جەژنی شۆڕشی کاوەی قارەمان
من بووم بە چاوو دیم وا بە ئاشکرا
ئاگری نەورۆز لێرە هەڵ کرا

جەژن ئەگێڕن دوو جەژنە ئەمڕۆ
جەژنی سەربەستی پارتیو جەژنی تۆ
گەلی کورد تێکرا چاوی کردەوە
ئەمڕۆ گرەوی مەردیی بردەوە

گۆی پیاوەتی لە مەیدان دەرکرد
بوت پەرستانی لە نیشتمان دەرکرد
خوایە تۆ خوای گشتی جیهانی
پەنای بێ پەناو هی بێکەسانی

واڕوومان کردە بارەگای پاکت
هانامان هێنا بە لوتفی چاکت
چاوی کەرەم و لوتفت لێمان بێ
ڕێگەی ڕاسی خۆت دایم ڕێمان بێ

لە گەڵی یەکا وەکو برا بین
بۆ ڕێی ژینی گەل وەکو چرا بین

یەکەم هەدەفمان خوێنەواری بێ
نەك لاری‌و چەوتی‌و درۆو خواریی بێ

عیلم و صەنعەت و پاکی‌و پیاو چاکی
ڕەوشتی بەرزو گورجی‌و چالاکی

لەمەولا ئەمە پیشەی کوردان بێ
کورد لەم مەیدانا مەردی مەیدان بێ

ئەحمەد ئاوا ١٩٥٩

# چەژنی نەورۆز

نەورۆز تۆ جەژنی جەژنی کوردانی
یادگارێکی باوا گەورانی

جەژنی بەهاری، جەژنی گوڵانی
جەژنی دڵدارو خاوەن دڵانی

مژدەی بەهارو سەوزەی دەرو دەشت
مژدەی سەیران و مژدەی خۆشیو گەشت

نەماوە سەرماو سەهۆڵی زستان
وەك بووك ڕازاوە خاکی کوردستان

لە گشت شارێکا بەزم و شادیە
ڕۆژی گوزەشتەو هی ئازادیە

لەباتی بەفرو یەخ و یەخ بەندان
گوڵەو گوڵاڵەو بازاڕی ڕەندان

لەباتی کزەو دەمەو کرێوە
پربۆنی خۆشە چی دەشت و شیوە

لەباتی مەرگی مەل و پەپوولە
یا زیندان بوونی تیپی مێروولە

لەباتی ژێرپێ بوونی گوڵ و گیا
لەباتی ماتیو ساردیی کەژوچیا

ژیانە، گیانە، گەڕیانە، گەشتە،
گەرمی‌و شادی‌یە، عەینی بەهەشتە

بەزم و نیشاتە عەیش و سروورە
چی دەشتو دەرە گش سەوزو سورە

بەزم و خەندەیەو دەنگی پێکەنین
نەوای بوڵ بوڵەو صەوزەی سەر زەمین

هەر ئەڵێی زستان سەرماو سەهوڵی
یان شاخ و کێوی بێدەنگ و چۆڵی

قەت نەبینراوەو کەسێ نەی دیوە
یان بە کزەی‌با دەس نەتەزیوە

گوڵ و گوڵاڵە بەسەر بەست وشاد
هەمو دەسیان کەوت ئاوات و موراد

سەر زەوی گیانی سەر لەنوێ وەرگرت
سیپاڵی شڕی زستانی لابرد

جەژنی نەورۆزەو ساڵی تازەیە
وادەی سەیران و بەزم و بادەیە

نەورۆزی ١٩٦٨
کرماشان

# خۆشیی ڕەمەزان

چەن خۆشە کاتێ ڕۆژا ئاوا ئەبێ
دەمێ ڕەمەزان لە ئاوا ئەبێ
ژووری بێ گەردی پاك گسك دراو
لە گۆشەی مالا دۆشەك ڕاخراو
سەماوەری پاك دێتە گیزەگیز
قوری‌و پیالەی شۆراوو تەمیز
بەر مالی نوێژ حاضر کراوە
هەرچی پێویستە تفاق دراوە
هەر وەك پەپولە بەفری ئاسمان
ئەرژێنە حەوش و ئەنیشنە دالان
دایکی منالان گورجو گۆل و پاك
ڕووخۆش ئیسك سووك زیرەك و چالاك
تاوێ لە مەطبەخ تاوێ لە هەیوان
تاوی لای پێشکەو لانکەی منالان
کولیچەو لالەنگی قوبلی‌و گۆشتی پل
پاقلاواو برمە لە گەل چێشتی شل
ماس و دۆو کەرە سوراحی‌و پەرداخ
سفرەی ئێوارە ڕازاوەو پەرداخ
تفاقی بەر بانگ هەمووی تەواوە
هەرشتەی لەجێی خۆی دانراوە

منالٚ ئێسك سووك بچووك و گەورە
هەڵمەتیش ئەدەن بۆ سەری سفرە
دایکیان وتە خۆش بە دەنگی نەرم
زیاتر سفرەکەی کردوە گەرم
بەشی هاوسێ‌مالٚ یان بێ دەسەلاٚت
ئەیدا بە منالٚ کە بۆیان ببات
وا دەنگی بانگی مەلای مزگەوتە
ڕۆژو بشکێنن کاتی سرەوتە
چەن خۆش بوو ژیان گشتی وابوایە
خێزان دلٚ خۆش و بێ بەلاٚ بوایە
لایێك فەرمانی خوا بەجێ هێنان
لایێك فەرەحی منالٚ و خێزان
خوزگە تەمەنم ڕەمەزان بوایە
بەلاٚم گشتیشی ئێواران بوایە

١٩٦٣/١/٢٨
- دزلی -

# ڕانە بێرە

کورپەی ئێسك سووك خنجیلانەو ورد
ناسك و نازار، شیرین کچە کوورد
منالْ چواردە سالْ جوانتر لە جوانی
ناسك تر لە شنەی بەری بەیانی
گولاڵە سوورەی شاخی کوردستان
چنوورو شەوبۆ نەرگس و ڕێحان
ئاسۆی دەم کەلی دەمەو بەهاران
کارمامزەکەی هەردو کۆساران
هەستە خێراکە کاتی ناوڕانە
ڕان مۆڵی داوە لەو ناو شاخانە
باش بیان خەیەك ئەو کولْمە ئاڵە
ئەو پرچە زەردە، ئەو چاوە کاڵە
شانەی کە زولف و، دانەی کە خاڵت
جوان دەسەی بگرە پەلکو دەسماڵت
کلاوزەڕی نوقرە سەرپۆشی ناسك
گیوەی تەوێڵەو خر خاڵی باسك
جووتێ بەرخۆڵەی سرك و نەرمۆڵە
بیدە بەری خۆت لەو چەم و دۆڵە
دەمەو بەهارە شاخ و کێو ڕەنگین
جریوەی مەلان دەنگی زۆر شیرین

هارەی بەفراوی شاخ و کوێسانە
گوڵاڵەی زەردو سووری جوانە
تۆیش بە ڕەوتی ورد سووك و لەسەرخۆ
تاوێ پشوو بەو تاوێکیش بڕۆ
تەشی ڕێسانی دەم وردە ڕەوتت
تاوێ لە نسار تاوێ خۆر کەوتت
دەمێ شاخ و کێو کپ و کش و مات
ناو بەناو قاسپەی کەو ئەگاتە لات
تۆیش هەر ناو بە ناو بە دەنگی نەرم
دەنگی گۆرانیت با بێ بە گەرم
ڕەو لووتەی شاخ داوێنی بەفراو
بە گوڵاڵەی کوێسان هەموی ڕێ تەنراو
وا دەستە خوشکان لە دوور دیارن
زریوەیان ئەڵێی مەلی بەهارن
ئەگەن بە یەکتر من خۆش و تۆ خۆش
دڵی دڵداران بۆیان دێتە جۆش
ئەڕۆنە ناو ڕان ئەبێتە هەرا
کچ تێکەڵ ئەبن لەو دەشت و دەرا
بڕێ شۆڕەژن تەڕ پۆش وجوان
ئەبنە ئاوێتەی کیژانی ناو ڕان
بە کەژەڵ کەژەڵ بە مەڕی مەڕی
بە پەرە، پەرە یان کەڕی کەڕی
هاڕەی هەیاسەو خشپەی کەمەرە
باڕەی بەرخ و مێ ئەڵێی مەحشەرە
بۆی سمڵ و مێخەك لیباس زەردوسوور
بۆی گوڵی کوێسان بۆی شەوبۆو چنوور

شنەی بای پاکی بێ گەردی کوێسان
باوەشێن ئەکا زوڵفی ئازیزان

کە شیریان دۆشیو مەشکەیان پڕ کرد
بۆ گەڕانەوە ئەکەن دەسوبرد

جا بەرەو باغی ناو دوڵ و کانی
دەسەی کچی جوان فریشتەی جوانی

بە لەنجەی وردو ڕەوتی سووکو سۆڵ
خێرا ئەگەنە باخی ناوی دۆڵ

هەر وەك پەپوولەی ناو باخ و چەمەن
ئەم دارو ئەودار دەوەنەو دەوەن

هەر گوڵێ کەوا بۆن خۆش و جوان بێ
یا گوڵاڵەیێ بە دڵی ئەوان بێ

دەسکی لێ ئەگرن ئەیکەن بەسەرا
یا بەسینەداو بە بەر کەمەرا

ڕوو ئەکەنەوە گوندو ئاوایی
ڕوو خۆش گورج و گۆڵ ئاسك ئاسایی

لاوانی لادێیش تازە هەڵ هاتوو
سەر مەستی جوانی لە خەم دەرهاتوو

لیباس ڕێکو پێك دڵ گەرم و ڕوو خۆش
کورەی لاوی‌یان گشت هاتوەتە جۆش

پشت گوێ خستووی خەمی زەمانە
هەمووی چاوەڕێی پۆلی کچانە

بەڕانکو چۆخەی شاڵی هەورامان
مەرەزی بانەو دەوری مەریوان

ڕەشتی ڕەنگاوڕەنگ فەرەنجی لاشان
هەموی ئامادەی سەیرو تەماشان

لەولاوە دەستەی کچ وەك پۆلە کەو
لەم ـۆوە لاوە چاوەڕوانی ئەو

کچ کە گەیینە بەردێو لای ماڵان
خێرا ئەیبەخشن گوڵ و گوڵاڵان

کۆر پەم چاوەڕێی چەپکە گوڵی تۆم
تا منیش دیاری یار ببەم بۆ خۆم

دزڵی ١٩٦٣

# ژینی مەلا لە کوردەواریدا (١)

بەڕاستی سەختە ژیانی مەلا
چاك گیری کردووە لەناو ئەم گەلا
لە گەڵ ڕاتبەی نان یان چێشت خواستن
هەر ڕۆژێ لەم لا بۆ ئەولا گواستن
داوای شکارتەو جێگەی مەنێ جۆ
جاوەڕێی زەکات یاخۆ چۆڕێ دۆ
شوێنی ئیسقات و جمعانەو دەعوەت
تەواوی عومری ئەڕوا بە مەینەت
ئەمە ئەم دونیا بێدیار ئەو دنیا
حیساب و کیتابی ژیانی مەلا
چونکی مەسئولی گوناهی خەڵکە
چەن چاو ئەپۆشێ بۆ بەشکیو بەڵکە
ناهەق ئەبینێ چاو ئەنووقێنێ
چەن بە ناهەقی خەڵك ئەتۆقێنێ
بۆیە ڕای ئەگرن ژیانی ئەدەن
گەلی بۆ دێرن خزمەتی ئەکەن
ڕێگای شەریعەت نیشان دا پێیان
گوناو خراپە لابدا لێیان،
ئاگای شەریعەت لای هیچکام نییە!
جوابی مەلا لای خوا چییە؟

مەوعظەو خوطبە هاوارو فەریاد
ئەپارێتەوە بە هاوارو داد
ئەوەن خوتبەیدا هەناسەی نەما
ئێوە بن و خوا چی دەس کەوت لەما
چونکی هەر خەڵکەو خەڵك تاڵان ئەکا
پیرەو کردەوەی منالاّن ئەکا
بە ڕاستی سەختە ژینی مەلاکان
کاش ئەیان گۆڕی هەموو ڕێی ژیان
بە زۆروی بازوو بە نووکی قەڵەم
زیندەگی بکەن نان بخۆن بێ‌خەم
نانی بێ منەت بێ ختەو بۆڵە
زۆر زۆر خۆشترە لەم ژینە سوڵە

(١) نموونەیێکە لەژینی مەلا لەوسەر دەمەدا

١٩٥٤ ئەحمەد ئاوا

# فەرهاد

فەرهاد سەردەستەی هۆزی عاشقان
فەرهاد رەنجەرۆ بێ ماڵ و سامان
ئەی فەرهاد چی‌بوو وا دێوانەوار
تۆی دایە شاخان دوور لە خەڵکی شار
چی‌بوو قوڵەنگەی دایە دەستی تۆ
وا دات ئەتاشی سەنگ و بەردی کۆ
جێگەی شانازای عاشقانی کورد
پاڵەوانی عیشق خاوەن دەسو برد
لەزۆرو بازووی کێ هەڵ ئەخێزیێ
دوای هەزاران ساڵ کردەی نەبێزیێ
عاشق و عالم رەسامی دانا
نەحاتی کۆکەن فەهمیدەو زانا
هاتمە ماوات لای یادگارت
سەیری کرداری بازووی زۆردارت
چیم دی لە هونەر فرهاد یەك کۆم دی
بردەی عیشقم دی کردەوەی تۆم دی
کردەی وا وردم هەرگیز نەدیوە
بە خەیاڵیشما تێ‌نەپەڕیوە
من سەرسامم لەم وردە کاری‌یە
رەنجی بێ‌سوودو نادیاری‌یە

مەردی دڵداری هەرتۆ بووی فەرهاد،
لە ئاکامیشا لە عیشقت ناشاد
لە دیداری یار شیرینی شیرین
نا کامو ناشاد ڕەنجەڕۆو خەمگین.
خوای دڵداری! خوای ناشادان!
خوای هەژاران! هی ناموردان!
بۆچی شیرینت نەدا بە فەرهاد
ناموردات کرد ڕەنجت داوە باد؟
داخێ ئەو ڕۆژە چوەتە جەرگم
لە یادم ناچێ تارۆژی مەرگم
چی کردوەتەکار دێوانەی کۆکەن
لە عەقڵ و لە زۆر لە کردەی بەدەن
جا ئیستە زانیم دڵداری کامە
دڵداریی ئێمە چەن کاڵ و خامە
بڕیاربێ بە کەس نەڵێم دڵدارە
کەس دڵدارنەبوو مەر ئەو هەژارە

١٩٦٣/٢/١٨
کرماشان

# بەفر بارین

زستانە، باران ئەبارێ، وردو لەسەر خۆ
کزەی بەفرو سەرمایە ئەدا لە ڕووی من و تۆ
هەورێکی سپی و مات شارەزووری گرتووە،
وا شاخەکانی دەوروبەری بەدەما بردوە
چەترێکی سپی‌یە بەسەری شارەزوورەوە
هەر ترسی بەفرم لێ ئەکرد کە هات لەدوورەوە
شاخی هەورامان سامناکە، چ قەوماوە
ئەویش وەکومن ترسی بەفری لە دڵا ڕواوە؟
تەپونمی باران و کزەی بای ساردی بزێو
هەڕەشەیێکی ژێر لێوە لە گیانداری شاخ و کێو
لەشاخا بەفر ئەبارێ، لە شارەزوورا، وەشت
دیمەنێکی شیرینە وەکو دیمەنی بەهەشت
لەگۆشەی کوانگ و بوخاریَ و ئاگردانا
جێ‌ی، گرتنی، کوڕی گەرمە، لە دێ کانا
صوبە، کە ئاسنێکی ڕەق و تەقە بۆ وا
ئەوەندە شیرین و عەزیزە ئێوەبن و خوا!؟
میوەی زستان بۆ خەڵکی ئەو کوێستانە
هەر ئاگرەو دوکەڵ و هەر ئاگردانە..
بەیانی‌یا زوو، کە سەرم هەڵبڕی لەخەو
بەفرم کەدی، زوو کەوتمە یادی ڕاوەکەو

ئاسمانی شین و بای ساردو شاخ و کیوی سپی
دیمەنی ولات گۆڕاوە چ شاخ و چ دۆڵی کپی
زستانە، دەستی وەشاندووە هەورەکەی دوێ
بۆی دەرچووە چی لیٚ‌هاتووە؟ چوویە کوێ.؟
کشەی بڕیوە، دەمی سڕیوە، ئەڵێ من نەبووم
کاری شەوە، شاهید نی‌یە، خۆ منیش نەبووم
پێ بناری صەوزو شاخی سپی و دەشتی ڕەش
کوا دیمەنی، وانزیك لە دڵ و، جوان و گەش؟
هەر دیمەنی ولاتەکەمە هێند شیرین و دڵ کەشە
دەك خوایە لەتۆ بەزیادبێ ئەم کاکە بەشە

ئەحمەدئاوا ١٩٦٠

# وێنەی جوانی

وێنەی جوانیم پێشکەش بێ پێتان
تا ڕۆژی سەدجار سڵاوکا لێتان

هەرچەن هەمیشە دڵم لاتانە
خەیاڵم پەخشی مەنزڵگاتانە

بەدڵێکی پاك دیاریو یادگاری
گەر قبوولی کەی دیارە سەداری

١٩٦٤/٤/٦
دوو ڕۆ

# هەر لە ئێستاوە

هەر لە ئێستاوە بۆ تۆیە ئەفڕێ
دڵ کە خەریکە سینە هەڵ ئەدڕێ

چاوم چاوەڕێی تووتیای دینت
دەم چرکە چرکی‌یە بۆ لێو گەزینت

مەنزڵ ئامادەو کەلەبەر بازە
هەمووی چاوەڕێی میوانی تازە

کرماشان ١٩٦٧

# شەڕیەکە دەرد

دڵ پڕ لە دەردی دووری یارانە
خەفەت بۆ سەر دڵ وەکو بارانە

هەرچەن شێواوە دیمەن و ڕەنگم
بەڵام دڵ هەمان دڵی جارانە

پڕ لە یادی تۆ پڕ خۆشەویستی
شەریکە دەردی دەردەدارانە

دووڕۆ ١٩٦٤

# ماڵ ئاوایی

هاتمەوە تەنها جەستەم گەڕاوە
گیانم لە خزمەت خۆتا جێماوە

وشە لە دەمما تەزی بوو بە بەرد
بە زەبری کزەی هەناسانی سەرد

وەصڵی دیدارت ئومێدی دڵە
بۆیە وا گەشە، سوورە، وەك گوڵە

ئەحمەدئاوا ١٩٦٠

# ڕەشە با ئامان!

شەماڵ سا چی‌بکەم نەماوە وادەت    ئەم نامە بیەی
نەما شنەی صاف تیژ ڕەوو سادەت    ئەم کارە بکەی
خۆ منیش کارم یەکجار تەعجیلە    بۆ لای دڵەکەم
هەی هاوار دڵم خەیلێ زەلیلە    هەر بۆ گوڵەکەم
ڕەشەبا ئامان دەسەدامێنم زوو    بێرە مەیدان
دەمەو کلێلەت ساناخاێینم بۆ    قەڵا شێخان
هیچ فەرقی نە خەی بەرزی‌و هەڵەتی    ئەو کوێسانانە
هەڵمەتێ بدەو بگە خزمەتی بۆ    ئەم بەیانە
عەرزی کە دڵم زۆر تاسە خوارە    باڵای ببینێ
داویەتە گرو گڵپەو شەرارە    وا بێ نامێنێ
تاسەو هەناسەی دەرونم یەکسەر    بیدەرە دەستی
نووسیومە دەردی دڵم یەك دەفتەر    بەڵام بە پەستی
مەستی خوێناوی دڵە کزەکەی خۆمم    بە یەکجار
دێوانەی دڵە خەفت دزەکەی خۆمم    هەی هاوار
قەسەمت ئەدەم تۆ بیتو خودا    گلینەی چاوان
حاڵم بەشێوە دیوانەم شەیدا    دەخلیم ئامان
زوو بە نامەیێ نەجاتی دە دڵ    لە گێژاوی غەم
(بێ‌وەی)کەوتوەتە ناوی لیتەو گڵ    دەرنەیێ چی‌بکەم؟

(بیارە ـ ١٩٥٠)

# «دەنگی دڵ»

گوێ لە دەنگی دڵ گرە چۆن شیوەن و زاری ئەکا
چۆن سکاڵای دەردی دووری، زارو غەمباری ئەکا

خۆ ئەگەر من دوور لە تۆ بم خاوو ئارامم نی‌یە
کاتی وەصڵیش ڕۆژی ڕووتە زامکەم کاری ئەکا

١٢//١٩٦٣

لەخۆشی‌ی تۆوە ڕەنگم وەك گوڵە .. سوور
شەریکی شادی‌یە ڕۆحم... لە خەم دوور
ئەگەرچی لوطفی ئێوە وەك بەهارە
دەمێ ساردو دەمێکی گەرم و پڕ نوور
بەڵام من بەو هەوا زیندووم کە هەڵ کا
لەدوو ڕۆوە بەرەو ئێمە بەرەو ژوور

١٩٧٠ کرماشان

# یادی ئیوه

یادی ئێوه وا لە ناو جەرگ و دڵ و ڕۆحا برا
هەر بە یادی ئێوەبوو پایەی تەنی من دا نرا

هەر بە یادی ئێوەبو ئەو شاخ و داخەم دایە بەر
هەر لە دووری ئێوە بو عەقڵ خەوم لا ، لابرا

هەر لە دووری ئێوەیە وا ناوی مەجنونیم ئەبەن
هەر لە دووری ئێوەیە عەودالْم و یێخەم دڕا

بەو خوایەی شاهدی وەضع و ژیان و گیانمە
من لە دووریی ئێوە دایم وام لە ناوی ئاگرا

خوایە بۆ تۆ هیچی پێ ناچێ بە ئاواتم بگەم
بەڵکو کۆ یان کەی لە دەورم خزمو یاران و برا .

ئەحمەدئاوا ١٩٥٣

# ئەزانیی بۆچی؟

ئەزانی بۆچی جێگاکەت لەناو چاوا نەما گیانە؟
تەرازوی تۆ گەلێ قورس بوو دڵم بۆی بوو بە هێلانە

هەتا ئەوسابوو تۆ چاو بووی بەڵام ئێستاکە بیزانە
دوو چاوم ساوڵی تۆیە بەدایم هەر لەسەر بانە

غەمیشم بوو کە ئازارت بگاتێ تۆ لە دیوی دەر
کەواتە دەی لە ژوورۆ بە لە دڵما بۆت ئەکەم یانە

١٩٥٧ ئەحمەد ئاوا

# لەگەڵ خەم

لەگەڵ خەم بوومە هاودەم دەم بە دەم هەرشینە کردارم
نەکا باوڕ نەکەی بڕوا ببینە ڕەنگ و ڕوخسارم

ژیانم وەك نەمانە بەزم و شادیم شیوەنی گەرمە
بە دیمەن عاقڵ و ژیرم بەڵام دێوانە ڕەفتارم

بە جۆرێ دەردی دووریت کاری کردە بەن بەنی جەستەم
هەمیشە مات و خەمگین و زەلیل و وێڵ و بیمارم

نەخوازەڵا لە کاتێکا لە باتی موژدەیی وەصڵت
وەڵامێکی فیراقت دایە دەس جەستەی بریندارم

وەرە «بێوەی» تەحەمول کە نەبوونی نووری دووچاوت
لە ڕێگەی شاخ و داخ و دڕك و داڵی وەصڵی دڵدارم

ئەحمەد ئاوا ١٩٥٦

# نامەی خوارو خێچ

گەر دێری نامەم خوارو خێچە
تای هەڵ قرچاوو پڕ قەمچو پێچە

ئەوە بە گڵپەی دەروون سووتاوە
سەد قەمچی تیایەو وا هەڵ کزاوە

کوورەی دەروونم نەك نامەو خامە
سوور ئەکاتەوە چی خشتی خامە

هانام کە بە کوڵ لە دڵ دێتەدەر
ئەم دنیا ئەکا بە سارای مەحشەر

دووریتان یاران گەلێ ستەمە
گرێشم تێ چێ هێمان هەر کەمە

١٩٦٦ مەحمود ئاوا

# بۆ هاوڕێی شکارم

هەرچەندە باوی وەفا نەماوە
لەم زەمانەدا بێشەرتی باوە

بەڵام من یادی ئێوە هەر ئەکەم
هەرشوێنێ خۆش بێ ناوێکتان ئەبەم

بەلاشە لێرەم بەدڵ وام لەوێ
با ئێرەش خۆش بێ هەر ئیۆم ئەوێ

ڕۆحم بەرەلای هەردی ڕەنگینە
بۆ دووریی وەتەن دایکم خەمگینە

دالانیو، پرشنگ هەتا کەلەبەر
لە خەیاڵی من قەت ناچنە دەر

سەر چاوەی ڕەنگین هەردی زەردی گڵ
بەخوا قەسەم دەر ناچن لەدڵ

هەردی داڵەمێز، مڵەوەرد، مەیدان
هانە ئەحمەدەو مزگێڵە، تا بان

هەر شاخ و بەرزێ هەر هەردو بەردێ
هەرچاوەو ئاوێ هەرکاوو زەردێ

جێگەی یادگارە جێگەی شکارە
جێگەی سەیرانی پایزو بەهارە

هەر وەکو پەردەی سینەما وانە
لەبەری چاوا دیارو عەیانە

وێنەیان بوەتە بەرگی گیانم
ناویان شەوو ڕۆژ ویردی زوانم

والحاصل دڵم هەر وا لە لاتان
چاوم بە دایم هەر وا لە ڕاتان.

مەحمود ئاوای دووڕۆ ١٩٦٦

هاتە گوێم دەنگت ئەم بینی ڕەنگت
ئەم بینی باڵای جوان و شەنگت

دنیای ڕوناکم وا لە لا تار بوو
شیرینی ژیان لام ژاری ماربو

هەتا بەیانی فرمیسکم ڕژان
هەناسەم هەڵ کێشت خەفەتم پژان

ئێشی ئەو شەوە مەر خوا چاری‌کا
مەر هاتنەوەت لەدڵ باری کا

هاوینی ساڵی ١٩٦٢ سلێمانی

# نامەی شیرین

نامەی شیرینت وەك بووك ڕازاوە
زاخاوی دڵی پڕ ژەنگی داوە
هاتە ژوورەکەی تاریك و تەنگم
لە ڕۆژی ڕووناك وەك شەوە زەنگم
وێرانەی دڵی ڕووناك کردەوە
ئاوابێ ماڵت بۆ ئەم کردەوە.
مەرجت داناوە تۆ بۆ مەرحەمەت
تا یار لوطفی بێ هەتە ئیرادەت
بەڵام من ئازیز نووری دوو چاوم
بە جۆرێ مەیلت بۆ گە وە داوم
لوطف و بێ لوطفیت لە لام یەك سانە
جەورو ئازارت لای من ئاسانە
هەروەك فەرمویە مەعدومیی گەورە
کە فەرمودەکەی سەرمەشقی دەورە.
هەتا من ماوم وەمەیلت مەستم
هەرجان فیداکەی ڕۆکەی ئەلەستم

کرماشان ١٩٦٩

## «گوڵێک لە گوڵزارا»

لە گوڵزاری سراج الدین گوڵێك بووم
کە صەد بوڵ بوڵ بە یەك دیداری مەستە

لە پڕ دەستی ئەجەڵ هات و بڕیمی
کە بۆ کۆشکی بەهەشت بم کاتە دەستە

مەڵێن بۆ زوو ژیانت دایە دواوە
ئەوە تەقدیرەکەی ڕۆژی ئەلەستە

سنە ١٩٧٧

# حاجی‌یه چڵکنه

حاجی‌یه چڵکنه ئەترەب و ئەغبەر
نزیك له چاکەو دوور کەوتوو له شەڕ
ئەندامی قافڵەی پیری تەریقەت
مەلای شارەزای ڕێگەی شەریعەت
ئەمینی عوثمان مەریوان ماوا
یانەی دەروونت وە نوور بێ ئاوا
تابعی سوننەت ڕەسولی ئەمین
مەحبوب و موحیب موحیقق و مەتین
موبارەکت بێ حەجی مەبرورت
طاعەو ئیطاعەو سەعی‌ی مەشکورت
جه یاد نەبەری یادی من کەردەن
جه دیوانی هەق ڕووم خەیلێ زەردەن
بەڵ وە هانایێ بەڵ وە ڕجایێ
جه صوبحی صادق لاڵەو دوعایێ
بۆ وە باعثی ڕەحمی ئەلرەحمان
ڕزگاربۆ دڵم جه بەندو زیندان

مارت ١٩٦٩ مەدینەی مونەووەره

# عەزیزم

عەزیزم ئەی موحەممەد ڕەببی خۆش بی
پیاوێکی بزان و زۆر بە هۆش بی
لە ڕێگەی دانشا باش تێ بکۆشی
هەتاکو بەرگی دانایی دەپۆشی
بەنات ذاتی (اله العالمین) بێ
مەبەستت خزمەتی ئایین و دین بێ
پیاوی دین و دونیا بی موحەممەد
لە چەوتی دوورو ڕنیابی موحەممەد
هەتا مردن لە بۆ دونیات بکۆشە
خودایا نانی بازوو چەندە خۆشە
لە بۆ دینیش وەها تێکۆشە گیانە
نەمانی گشتمان نێزیك بزانە
لە فەرمودەی نەبی طاهاو ئەمینە
کەسێ مەردە کە هی دونیاو دینە

مەدینەی مونەوورە ١٩٦٩

# چاوەکەم

چاوەکەم تۆ دووری ئیستە هەر لە چاوو زوان و دەم
نەك لە دڵ، دڵ جێگەیە بۆ تۆو خەیاڵت دەم بە دەم

کاشکی ئیستە کە دوورە ڕەنگ و شێوە جوانەکەت
جێت نەهێشتایێ لە دڵ حەسرەت، لەدیدە ئاوو تەم

بێ‌وەیا قەت وا مەڵێ شوکرو سوپاسی خوا بکە
چونکی یار ڕاضی بوە بتکاتە لانەی دەردو غەم

١٩٥٧/٣/١٨ ئەحمەد ئاوا

خوایە نوخەی وا نیطاعەی کرد بچووك و دشتمان
درژمنی ئیمەی لە ناوبرد زۆری بازوو مشتمان
صەد شوکور هەرچی کەوا ناحەز بوو فەوتا کوشتمان
جێ دەسی هیچ کەس نەما دەس خاتە پێشەی پشتمان
صەد شوکور ڕوومان سپی دیرانی تۆ بوو گشتمان

وا ئەبینم عالم و صوفیو موریدو خاس و عام
یەکسەرێی بۆمان ئەبەستن پر دوڕی بازی مەرام
یاری دەرمانن هەموویان دێنە لامان سوبح و شام
ڕۆح و ماڵ و گیانی خۆیان سەرفە بۆ ئێمە تەمام
سەیری کەن چی کرد لەپاش خوی ئەو علا بەدری هومام

ڕۆژی خۆی وا وەصیەتی بۆمان ئەکرد ئەمرۆ کەوا
ئێوە ئەیبینن بە دوو چاو وا لە جێگاکەی ئەوا
زۆر کەسیش ئەیوت دوای خۆی وصیەتی ئەیبا هەوا
سەیری هیمەت کەن کەوا چۆن دوشمنانی دایەدوا
چۆن هەموو خڕ بوون لە دەوری میرو ئاغاو بێنەوا

بابی ئێمە مورشیدێك بوو حاتەمێکی ڕووی زەمین
بابی ئێمە ڕەهبەرێك بوو نائبی شاهی ئەمین
شیخ علاءالدین پەنا بوو بۆ فەقیرو دڵ غەمین
خادیمی چینی هەژاران خادیمی شەرعی مەتین
ئەو لە عیرفان و لە طیبیا بێ حەریف و بێ قەرین.

چۆن نەڕێژێ چەشنی باران دیدەکەم ئەشکی بەتاو؟
چۆن نەبێ بریان بە جارێ جەرگەودڵ سپڵ و هەناو؟
سەیری کەن لافاوی دۆڵ و ئەشکی چەشمی چەشمە ئاو!
چۆنی ڕێژا چۆنی بێژا ئەشکی دیدە وەك سەراو؟
دەی ئیتر من چۆن نەڕێژم ئەشکی دیدەو خوێنی چاو؟

ئەی دلە قەت غەم مەخۆ ئەی کوانێ فخر المورسەلین
کوانی عثمان کوا بەها ئەی کووا ضیاو نەجمەدین
کل نفس ئایەتی قورئانە، ئیمەش هەر ئەچین
صەد شوکور واجێگەی ئاوایە وەك خولدیبەرین
زۆر بە ڕێزە کاکە عثمان لای هەموویان ئەجمەعین

«بێوەیا دەیسا مەناڵە ناڵە ناڵی بۆچی‌یە
ڕاس ئەکەی خزمەت ئەکەی کەس مانعی خزمەت نی‌یە
بێرە مەیدان چەشنی شێران ڕۆژی پیاوی‌و مەردی‌یە
ئەو کەسەی خزمەت نەکا لەم ڕۆژەدا داری بی‌یە
هەر کەسیش خزمەت بکا واپاکی‌یە ودڵسۆزی‌یە

بیارە نەورۆزی ١٩٥٤

# شینی دایک

له دەریای دەروون هەڵ گۆزم ئاوێ
له چاوەی دیدەم بیرێژم تاوێ
تەمی مەینەتان لەگەڵ ئاخ و داخ
بدا له لووتەی حەسرەتی دەماخ
لێی بدا کزەی کۆچی ئازیزان
وەك کزەی سەرمای کاتی پاییزان
بێرێو برێژێ گریانی بەتین
خورخور بێته خوار لێشاوی ئەسرین
مەزرەعەی خەفەت له دەشتی دەروون
شین بکاو شین کا له دەستی گەردوون
هەر ساتێ هەورێ، هەر کاتێ تاوێ
هەر تاوێ ئاوێ، هاژەی لافاوێ
برێژم دەم دەم به درێژیی ساڵ
شینی تۆ بکەم له دەرو له ماڵ
یاسی کەم دۆس و هاوسێو بێگانه
ببم به عەودال هی ئەو کیوانه
هێمان هەر گڵپەی دەروونم بەرزە
ئاگری دووریت ساتی صەد تەرزە
هێمان هەر تاسەم وەك ئیسته وایه
هێمان هەرشینم دووایی نایه
هێمان هەر ئەگریم بۆ کۆچت دایه
هێمان هەرشینم دوایی نایه

دوورڕۆ ١٩٦٦

# شینی برا

دەنگێ هات لەگەڵ بەرە بەیانا
لەگەڵ شنەی‌بای سەری کێوانا
تاریکو لێڵەی بەینی ڕۆژو شەو
کە دڵ وریایەو چاو پرە لەخەو
دەنگێ هات زەلاڵ ناسك تر لە گوڵ
بۆی شەیدا ئەبونە دڵ هەزار دڵ
بەڵام ئەو دەنگە هەر چەن شیرین بوو،
هەڵ بزرکاوو کزو خەمگین بوو
دەنگی لاوێ بوو دڵ خۆش بە جوانی
دنیای بێ بنیای وا نەئەزانی
بناغەی کۆشکی ژیانی نابوو
هەزار ئارەزووی لە ناو دڵابوو
لەپر وەکو دێو لە نیوەشەوا
کاتێ ئێمە واین لە شیرین خەوا
دای بەسەر بەزم و ڕەزمی ژیانیا
دای بەسەر باوکی ڕۆڵەکانیا
ئاواتی ژیانی وەك گوڵ هەڵ وەران
پەڕاوی ژینی لە دەس هەڵ فران
دەنگی ئەولاوە شیرین و شەنگە
ئەیوت برایان بگەن درەنگە!

ئەیوت بم گەرێ برای شیرینم
سەیر کە زەلیل و کزو غەمگینم

مەرگ واباڵی کێشا بەسەرما
فەلەك وا قوڕی کێشا بە دەرما

ئەو دەنگە گڕی بەردایە دەروون
چاو پڕ ئەسرین بوو جەستە بوو زەبوون

چۆن نەبێ جەرگ و دڵم بە بریان
دیدە چۆن نەکا شیوەن و گریان

برام من چۆن تۆ لەبیر بەمەوە
یادت لە دڵم چۆن دوور خەمەوە

چۆن لە یادم چێ شێوەی جوانت
گیانم چۆن نەبێ لە شوێنی گیانت

ئەو لاشە جوانە لە ناو گلابێ
ئیتر من خۆشیم چۆن لە دڵابێ

چۆن قوڕی دنیا نەکەم بە سەرما
چون هەرچی ڕەشە نەیکەم بە بەرما

برا ئا بەو خوا کە تۆی بردەوە
گوڵی جوانیی تۆی لەدار کردەوە

ئەر بم زانیابێ منیش نامرم
ئەوڕێ تۆ گرتت منیش نایگرم

خۆم بەدەستی خۆم ئەم هێنا مەرگم
هەر لەو کاتەدا شیم ئەکرد جەرگم

بەڵام ئەزانم برای نازارم
منیش وەکو تۆ بار ئەکەن بارم

ئەو گیانەی کە من ئێستا کە هەمە
هەر ئەبێ دەرچێ جا زیادو کەمە

کەوابوو برام خوا ئاگادارت
تۆ زووتر چوویتە جیگەی یەکجارت

منیش هاکا هات وادەی مردنم!
ها کا هات کاروان بۆ بار کردنم

جا ئەوسا کاروان ئەبنە یەك ناکا
هیچ فەرقی تازەو کۆنەیك ناکا

١٩٦١ ئەحمەد ئاوا

# فەلسەفەو ئامۆژگاریی

# گەنجینەی دڵ

لاشەم پەرێشان وەکو وێرانە
گەنجینەی دڵێ تیا پەنهانە
خۆ دەردی خۆمی نەخوارد ئەم گەنجە
بەشم دەردی سەر ئازارو ڕەنجە
بەش دەستی خدرو موسای بۆ بگات
ئەم گەنجە فریای ئەولادم بخات

١٩٧٠ کرماشان

# دڵسۆز کامە؟

بە شەوی شوان لە بەهارنا
کز ئەکا لە ژێر تاوی بارانا
بەڕۆژی وەرزێر کاتی دروێنە
کە دیلی دەسی گەرمای هاوینە
بەسکی برسی هەژاری بێدەس
کە حاڵی زاری نای زانێ هەرکەس
بەوکاتەی هەژار سەیری خوان ئەکا
سەیری خۆراك و سفرەو نان ئەکا
بەو کاتەی هەتیو بێ دایك و بابە
کە بۆ حاڵی خۆی جەرگی کەبابە
لە ڕۆژی جەژن و شادیو سەیرانا
سەری کز ئەگرێ لای مناڵانا
بە تەپەی دڵی قەرزاری داماو
کاتێ خاوەن قەرز دێتە لای ناکاو
بە پێوەرژنی بێ مێردو بێکەس
هەتیو ئەبنە ملی بەبێ دەس
بە ناڵەی زامار ژیر بۆمباباران
بە دەربەدەری دێهات و شاران
بە ئاهو ناڵەی نەخۆشی دێهات
کە خوا نەبێ کەس بە هانای ناگات
بەکیسەی خاڵی، بە هەناسەی سەرد
بە لیوی باردار بە دیمەنی زەرد

به لەرزو سەرما هی بێ سیپاڵان
هی بێ ئاگران هینی بێ ماڵان .
بە کزەی دەروون جگەر سوتاوان
ئازیز مردووان رۆڵە کوژراوان
والحاصل قەسەم بە گشت ناکامان
بە ئاهو حەسرەت بە سۆزی زامان
بەخەم و خەفەت گشت نامورادێ
بەگشت هاوارو دادو فەریادێ
وەگشت مەزوڵومێ گشت بەش خوراوێ
بەبێ تاوانێ زیندان کراوێ
بە شەقەی قەمچی ئازار دراوان
بە شراقەی سەری مێشك پژاوان
بە لێشاوەی خوێن خوێن رژاوان
بە کۆچ و باری تالان کراوان
ئەم دونیا لای من ناژی یەك عانە
هەموو ساتیکێ ژیان تاوانە
مرۆڤ کە خەمی برای خۆی نەبوو
خەفەتی دەردی من و تۆی نەبوو
شەوو رۆژ خەمی ژیانی خۆیبوو
دایم هەر هەوڵی گیرفانی خۆی بوو
بۆ گیانی یەکتر گشت وەکو جەردە
برێ بە دزیو، برێ بێ پەردە
یەکێ بەناوی دین و دەعواوە
یەکێ بە ئیسمی پیاوی دنیاوە
یەکێ دکتۆرەو یەکێ وەکیلە
یەکێ خواناسەو یەکێ دەلیلە

یەکێ دڵسۆزی هەژارو فەقیر
گوایا لای ئەبا زیندان و زەنجیر
ئەمانەش زۆربەی هەردەس بڕینە
پارە خواردنەو لیباس دڕینە
هەر دەس بڕینی خەڵکی نەفامە
خەڵکە تۆخوا دڵسۆزتان کامە
کێ ڕاس بۆ خوا دنیای هیچ ناوێ
خوا غافڵ ناکا لە ڕۆژا تاوێ،
کام وەکیل بێ پووڵ کاری بۆکردی
هەقی لە دەستی زۆردار بۆگردی؟
پارەت بۆکێبرد گلی نەداوە؟
گوتی با هەق بێ بەلای خوداوە!
کام پزشك چارەی هەژارێکی کرد
داوای پارەکەی نەکرد دەس و برد؟
کام پیاوی دنیا بۆ پایەی نەبوو
پایەیان پێداو لەژێری دەرچوو؟
خۆشیی ئەم دنیا هینی زۆردارە
ئەویچ هەرچی هەس هینی هەژارە
هەژاریش تا دێت هەر قوڕ بەسەرە
هەر بەش خوارو و هەر دەربەدەرە
ئەمانە هەموو ئەی خەڵەتێنن
هیچ کامیان نیە مافی بسێنن
کەوابوو دنیا خۆشی‌یە کەی کام بێ
کە سەرنشینی زۆربەی ناکام بێ؟

مەحمود ئاوای دووڕۆ ١٩٦٥

# بۆی گوڵاو

بۆی گوڵاوی نامەکەت ڕۆحی وەها شاد کردەوە
ئەو ضەریحە پڕلەنوورەی موصطەفای یاد کردەوە

چون دیارە بۆنی گوڵ مەر هەر گوڵاو بیداتەدەر
بۆی ئەحادیثی ئەوە خامەی ئەتۆی هێنایە بەر

شەهدە؟ یامە شەککەرە؟ یاخۆ شەرابێکی طەهور
وا لە خامەو نامەکەی تۆ هاشمیی کردی ظوهور

کرماشان ١٩٦٨

# دوا ڕۆژی ڕووناک

ئەبارێ خەفەت بەسەر دەروونا
ڕووناکی نی‌یە لەناو گەردوونا

ڕەشەبا نەبێ شەماڵ نابینم
ڕۆشنایی نی‌یە ڕۆژگاری ژینم

دەرگای ژیانم لێ داخراوە
دۆس و ئاشنام لا لابراوە

هەر کەس ئەبینم لێم بێگانەیە
ئەڵێی دوشمنی ئەم ژیانەیە

لە باتی دۆشەك جیگەم هەر خارە
لەناو سەد کەسا ڕەنگم دیارە

بازاڕم لای کەس ڕەواجی نی‌یە
پیاوەتی ئەکەم ناپیاوی‌یە

ڕازیم بە چۆڵ و شاخ و هەردو کێو
بووگم بە کێوی بەشێوە وەك دێو

هێشتاکو مەردوم هەر لێم دوودڵن
بۆ ئازارادانم دایم بە کوڵن

گۆرانیم لایان وەك گرمەی هەورە
خزمەتیان ئەکەم پاداشم جەورە

سەرەڕای ئەمەش دڵ پڕ لەشادیم
هەر چاوەڕوانی ڕۆژی ئازادیم

هیوای دوا ڕۆژی ڕووناك و ڕۆشن
جێی نەهێشتوە ساتێ دڵی من

قسەی ئەم خەڵکە لای من وەك پەشمە
دایم چاوەڕێی ئەو ڕۆژە گەشمە

درزلی ۱۹٦۳

# بێ وەرزن

خۆزگە نەم ئەدی ئەو شێوەو ڕەنگە
نەئەهاتە گوێم ئەو هاناو دەنگە
مات و کزۆڵەو جل شیتاڵ شیتاڵ
بێ کەوش و کڵاش بێ جل و سپاڵ
وشك و ڕەق و تەق نووزە لێ براو
قاچ و قولی وشك پێڵاوی دڕاو
زوڵفی گرژ بەسەر پێشەی ڕوومەتا
وێڵ بوو بە شوێنی دوونانی لەتا
ڕەنگی ڕەش لەبەر گەرمای هاوینا
تك تکی عارەق بەسەر جەبینا
سەیرم کرد کوڵێ لەسەر پشتی‌یە
لێم پرسی دایە کوڵەکەت چی‌یە؟
من وام ئەزانی شرەسپاڵە
کە سەری لادا دەرکەو منالە
منالێ چنگێ بوو لە پێشەو پەلا
کە دیم ژینی خۆم لابوو بە بەلا
وتی کۆمەکم بکەن براگیان
مانگی مەولودەو سەردەمی ئیحسان
وەرنا بابڕۆم بۆ دەرگایێ‌تر
بە دەنگێکی مات کزو ساردو سڕ

هەرچەن ئەو دەنگە وا ساردو سڕ بوو
بۆ ناوجەرگی من وەك پشکۆو گڕبوو
سیخێ بوو کردی بەناو دەروونا
دووکەڵی هەڵسا بە ڕووی گەردونا
وتم ئەی یەزدان خاوەنی هەموو
حاکمی مردوو ڕازقی زینوو
تا کەی ئەبینم ئەم جۆرە ژینە
بۆ وێران نەبێ ئەم سەر زەمینە
یاڕەحمێ خەرە دڵی دەوڵەمەن
یا بیکوژە هەژار مەیهێڵە بۆ پەن
یا دڵم ڕەق کە منیش وەکو بەرد
گوێ نەدەم بە ئاە بە ناڵە بەدەرد
ئەنا زیندەگی کەی ئەبێ وابێ
چینێ دەوڵەمەن چینێ کەدابێ!!

دزلی ١٩٦٣

# هەژاری

هەژاری کۆسپی ڕێی ژیان
هەژاری ئازاری گیان
هۆی بێزاریی ئەم ژینە
هۆی ناکامی ئەم زەمینە
هۆی ئاوات بردنە ناوی گڵ
هۆی نامرادی دڵدارو دڵ
هۆی نەخۆشی هەزاران کەس
هۆی نەخوێنەواریی بۆ بێدەس
لەکەی ڕەشی ڕووی ئەم چەرخە
مێوانی هەر کەس بی بێ نرخە
لای من نا لای پارەپەرسان
لای نەفام و خۆ بە زل زان،
لای من هەژار وەك گەوهەرە
وەکو کانگەی زیوو زەڕە،
هەژاریی کزەو هەناسە
هەژاریی ئارەزوو و تاسە
هەژاری ئاخ و زووخ و دەرد
هەژاری نەخۆشیو ڕەنگی زەرد
هەژاری باوکی سەد دەردی
بۆ ڕێگای ژین کۆسپ و بەردی

خوزگەم بەو ڕۆژەی نەت بینم
سارێش بێت زامی برینم
مەردوم یەك سەر لەتۆ دوور بن
گش دەوڵەمەندو مەسرور بن
گش بە ئاواتی خۆ بگەن
لەزەت لە ژیان و ژین ببەن،
دەوڵەمەن نەبن و چاو برسی
بەتاڵ، دانیشتووی سەر کورسی
وانەبن لە خۆبایی‌بن
بەو جۆرەی خۆیان نەناسن
ئەوەندەیان بێت باش بژین
لە یاد نەبەن خواو ئایین

ئەحمەد ئاوا - ۱۹۵۷

# لاشەی نازاران

لاشەی نازاران یاخوا نەێشێ
منەتی دوکتۆر هەرگیز نەکێشی

حەیف نی‌یە توخوا درەختی بەردار
باخەوانەکەی هەڵی بکێشێ؟

مەحمود ئاوای دووڕۆ ۱۹٦٥

# لەگەڵ دڵی خۆما

ئەی دڵ تۆ بەردی ئەی دل تۆ بەردی
بەردێکی سەختی وەك شاخ و هەردی
بەردیش بی هەرگیز بەرگە ناگری
بۆیە ناسوتێیت تۆ خۆت ئاگری
ئەم هەموو دەردو بەڵاو مەینەتە
ئەم هەموو کۆس و کاسەی نەگبەتە
ئەم هەموو کزەو قرچەو هەناسە
دووری دیدارو ئارەزوو وتاسە
کوا براو باوك و کۆڕی خزمانم
کوانێ هاتو چۆی دۆس و یارانم
کوا بەزم و ڕەزم و خۆشیی جارانم
کوا زەوقی جاران ڕەونەقی ژیانم
کوا تافی لاوی هەروەکو سەر خۆش
کە کوورەی شادی ئەهێنایە جۆش
ئەی دڵ تۆ بەردی لەبەرد ڕەق تری
بۆیە ناسوتێت تۆ خۆت ئاگری
من سەرنویشتی خۆم لەبەر چاوە
ئەزانم چۆنە ئەوەی کە ماوە
ئەرمام پیری‌یەو کزی‌و زەبوونی
چرچ و لۆچی ڕوو، دەردی دەروونی
جا ئیتر لەپاش ئەم دەردی‌سەرە
لەم دنیا ئاخرم، برۆرەدەرە
کەچی تۆش وەك خۆت تەپە تەپتە
هەر وەکو جاران گاڵتەو گەپتە

ئەحمەد ئاوا ١٩٦٠

# باڵی خەیاڵ

سواری باڵی خەیاڵی خۆم بووم ئەفڕیم ورد ورد
ڕوەو مەنزڵی یاری شیرینم ئاواتم ئەبرد

بەسەر شاخ و کێو دەشت و چەمەن و باخ و گوڵزارا
هەر لە هەورامان هەتا شارەزوور تەماشام ئەکرد

لەناکا توشی هەورو تەمێ بووم کەوتە ڕووی جیهان
هەورێ بوو ڕەش تر لە نیوچاوانی بەختی گەلی کورد

دیم ئەمە هەورێ ی دەروونی خەڵکە ئاوا هەڵ ساوە
ڕووی کردوە هەوا تازەجێ دێڵێ لوتەی شاخ و گرد

سەیرم کرد هەرکەس لەچەن ئاوات و لە خەیاڵایە
بەخەیاڵ هەر کەس لە کاری خۆیا گرەوی ئەبرد

یا وەکو چەن کەس لە گەرم و گوڕی خەیاڵی دڵا
لە کۆڕی هەوڵ تەقەلای ژینا کتوپڕ ئەمرد

زۆر لاو خەریکی بەستنی لانەی دڵداریو یاربوو
بەتوندی چەپکی ڕێحانەو گوڵی ئەچنیو ئەی هاورد.

چەنکەسێك بەسەر ئاوو لافاوی نەهاتی ژینا
بەپایەی مەحکەم بۆ کۆشکی مەرام وا ئەبەسێ پرد

کەسێکم نە دی بۆ دەردی کەسێ دڵی بسووتێ
ئەم دی هەر کەسێ هەر بۆ بەشی خۆی ئەکا دەسو برد

بەڵام سەیرم کرد کە کاری گەردوون دوورە لە ئاوات
هیچ کەسم نەدی تووشی ئاوات بێ لەلاوازو گورد

هی‌وا بوو,کەوا خەریکی گەنج بوو ڕەنجی بۆ ئەهات
لەتاوی غاری بەخت و نگینا ملی ئەبوو ورد

هی وایش بوو کەوا خۆی لە خەیاڵی هیچێکا نەبوو
بۆی هەڵ ئەدریا خەرمانی شادی وەك کێوی هەڵ گورد

بیٚوەی کە مادام ئەم دنیا وایە هیچ گوێی مەدەرێ
خۆت تەسلیم بکە وە دەستی تقدیر ئیتر هەرچی کرد

بیارە ١٩٥٠

# دووڕۆ بۆ بویە مەرکەز؟

ئەزانی بۆچی دووڕۆ بوویە جێگەو مەرکەزی پیران
بپرسە تۆ لە دانایانی دەورو عاقڵ و ژیران

نی‌یە هەرگیز وەڵامێ غەیری ئەم تەعبیرە ئەی ژیرە
کە نەهرەینی شەریعەت هەم تەریقەت لێرە جێگیرە

لە دووڕۆدایە دەبنە یەك، دووڕێگەی پاکی ئیسلامی
نی‌یە فەرقێ لە نێوان دا، لەهەق لانادا هیچ کامی

مەحمود ئاوا ١٩٦٥

# زوان لە ڕوانگەی منەوە

ئەمرۆ پاراوە زوانی گۆشتین
بوەتە جەللاد وەك شمشیری قین

لەم و لەو ئەدا ناپرسێتەوە
دەس ئەوەشێنێ ناسڵەمێتەوە

کاتێکت زانی بویە مشتێ خۆڵ
باران و لافاو هێنایە ناو دۆڵ

یاخۆ مشك ومار کردیانە یەك ژەم
لەیەك دەم لەم دەم چووەناو ئەو دەم

سنە ـ ١٩٧٩

# ناکامی ژیان

کوڵێ مەینەتم، لەسەر زەوی‌دا هەڵیان ڕێژاوم
هەر چوونێ کەوا دڵیان پێ خۆش بوو نیایان ناوم
منیش وەك ئەوان هەڵم ڕێژاوە چەن مەینەت کێشێ
هەرکام بە جۆرێ لەدەستی ژیان دەروونی ئێشێ
ژیان چەن شەوو ڕۆژێکی ژینە ئەبرینەسەر
یا تاڵ یا شیرین یا ترس و لەرزە لە دەستی خەتەر
نە دوا ڕۆژی پێش بینی ئەکرێ نەپێش هاتی ئەو
زوو تێ ئەپەڕێ تەمەنی ئازیز بە خواردن و خەو
کاتێ ئەزانی پیری هاتە پێش دوایی تەمەنە
ئەبێ چۆڵی کەین ئەم دەشتوودەرو گوڵ و چەمەنە
منیش و ئێوەش مشتێ خۆڵ و خاك بەری ژینمانە
ناو جێ بمینێ دەردی چی ئەخوا ئەمە ژیانە

تاران - ۱۹۷۵

# هەر ئەبێتە گڵ بۆ کوێ ئەچێ دڵ

گیانە ئەو خاکەی کە هێنی تۆیە
کشتگەو خانووەو جێگەی هۆهۆیە
باخ و گوڵزارەو جێی سەیرو گەشتە
رازێنراوەتۆ ئەڵێی بەهەشتە
خاکێکە کە زۆر خاوەنی دیوە
چەندین ها دەس وکەسی ناسیوە
چەن جار سنوورو مەرزی گۆڕاوە
چەن جەنگ و شەڕی لەسەر کراوە
چەن کرایە باخ سەر لەنوێ زەوی
کرایە خانووی بوڵەندو نەوی
ئێستە پاش ئێمەش ئەگۆڕێتەوە
چەن ئەبڕێتەوەو ئەدۆڕێتەوە
سنووری تازەی بۆ دیاری ئەکەن
وارث سەر لە نوێ بە ئیرثی ئەبەن
هیچ کەس نازانێ کەوا خاوەنی
خۆشتری ویستوە ئەو لە تەمەنی
کەوابوو مەدە دڵ بە خاك و خۆڵ
ئەو خاك و خۆڵەی ئەبێ بیکەی چۆڵ
دڵت پڕمەکەلە ئاواتی گڵ
هەر ئەبێتە گڵ بۆ کوێ ئەچێ دڵ؟
مەیکەرە جێگەی ویستی زیوو زەڕ
هیچ کامێ نازی بۆمان تۆری تەڕ

ئەوەی جێی دێلم کەی هێنی منە؟
سەرە خۆرەمە بۆ من دوژمنە!
دوو گەز خاکی گۆڕ ئەبێتە بەشمان
کەدای ئەپۆشێ تارمایی لەشمان
ئەو مافەش هەتا قەرنێ ئەمێنێ
ڕۆژگار ئەویشمان لەدەس ئەسێنێ
ئەر باوەڕ ناکەی لە هەزارشاهان
سەرکردەی گەورە لە خاوەن جاهان
لە دانشمەندان لە پاڵەوانان
مەردی بەخشندەی خاوەن نان و خوان
تا گۆڕی یەکێ دیاریو ناسراوە
هەزاران هەزار ون و بێ ناوە
کە مادام وایە ئەی برای ژیرم
تۆش گوێم بدەرێو بێرە سەر بیرم
بۆ ماڵی دونیاو زەویو سەرمایە
ژیانی گەلت مەکەرە کایە
کەلەی سەری خەڵك مەکەرە بادە
دەس بڕی مەکەو لەو کارە لادە
تێکۆشە بۆ ژین هەتا کوماوی
دەوڵەمەن ببە نەك بە ناپیاوی
کەس مەکە پەیژە بۆ سەرکەوتنت
کەس. لە دەس مەخە بۆ دەس ڕوشتنت.

تاران ١٩٧٥

# مەزرەعەی مەینەت

لەناوی مەزرەعەی مەینەت ڕواوە ڕۆحی غەمبارم
بەئاوی زەحمەت و ماتەم ئەدێرم جیسمی بیمارم

ئەوەند تاریکە ڕۆژم وەك شەوێکی لێزەمەوباران
غەمەژینم، غەمە نانم، سواری غەم، غەمەبارم

هەموو ساڵێ لە نەورۆزا ئەڵێم ئۆخەی نەمامەینەت
کەچی گش ساڵێ هەرئێژم: کوا پارم؟ کوا پارم؟

ئەحمەد ئاوا ١٩٥٦

# داری بێبەر

داری بێبەر خۆشەویستە
هەر لە مێژەوە تا ئێستە
تۆ ئەم باسەم لێ ببیستە
باس هەرباسی شۆڕە بی‌یە
داری گوێزو هەنار چیە؟!

وەصفی شاعیر: سەروەو چنار
مەدحیان کردوە هەزار هەزار
شەیدان بۆ سایەی سپی‌دار
ئەڵێن سایەی گوێز باش نی‌یە
سایە هەر سایەی دار بی‌یە!

بڕیار بێ زڕبم وەک چنار
وەک شۆڕە بێ، وەک سپی‌دار
هەرگیز نابمە سێو و هەنار
باسەرو پۆپم نەشکێن
ڕەگ و ڕیشەم دەربهێنن

داری پڕ بەر لووتی ناوە
لق و پۆپی گشت شکاوە
پەلو پۆشی داڕزاوە
ئەوەتە پاداشی بەرهەم دار؟
خۆزگە بە چەوت، خۆزگە بە لار!

تۆی بەر ئەبن بە ڕموشەن
یان بەردوداری پیا ئەخەن
وەك گونابار ئەیکەن بەپەن
گونای ئەوەتە بەردارە
زۆر نی‌یە وەك ئەو سپی‌دارە

درزلێ - ١٩٧٧

# ئەسپی خەیاڵ

ڕۆژێک تەنهابووم خەیاڵم چووبوو
جڵەوی ئەسپی خەیاڵ بەربوو بوو
ژینی ئەم خەڵکەم دابوە بەر سرنج
وەکوماڵ براو، ئەم کونج و ئەو کونج
دوو چاوی ڕەخنەم وەکو زەڕڕەبین
ئەگەڕان بۆ عەیب، عەیبی ژین و دین
کەسیان دەرنە کرد بێ عەیب هەر نەبوو
لەم ئیمتحانە کەسێ دەرنە چوو
یەکێ بە جوانی کرداری لاربوو
یەکێ بە پیری ڕەوشتیخوار بوو
یەکێ بە ظاهیر خوا پەرست بوو
بەڵام لە پەنا لە دینا سست بوو
یەکێ ڕەوشی تۆزێ ڕێکوپێک
بەڵام لە ئایین دوورکەوتوو برێک
یەکێ هەر بەوەی کەوا دز نییە
ئەڵێ من پیاوم پیاوەتی چییە
لەگران فرۆش، لە هەرزان بسێن
لە دەمودەس پاک، یاهی شەڕەجوێن
هەروەکو پەردەی سینەما هەموو
بە خێراهاتوو دیمو تێپەڕبوو

لە خۆمم پرسی چێت لەوە داوە
ئەتۆ چێت داوە لەم چاوو ڕاوە
هەر مەڕێ بە پێی خۆی ئەکرێتە داز
بە تۆچی کێ ڕاس یاکێ چەوتو لار؟!
ژینی خۆت سەیر کە کە چۆن تێپەڕی
چۆن بووی، چۆن ژیای لەبەرزیو نەوی؟
گوزەشتت کام بوو بۆ هاوسێ ماڵت
چۆن بووی بۆ ئەوەی خۆی خستەپاڵت؟
بۆ خزم و کەست کام ڕەنجت کێشا
چیت خەرج کرد لە ڕێی گەداو دەروێشا؟
کام هەنگاوی بەرز بۆ هاوولاتیت؟
بۆ گەل و هۆزت کام کاری دیاریت؟
بۆ جنسی بەشەر کامە خزمەتت
کامەتە ڕەنج و مایەو زەحمەتت؟
دڵ پاکیت کامە دڵسۆزیت چۆنە
باش ورد بەرەوە لە تازەو کۆنە
بەرانبەر یەزدان ئایا سەر بەرزی؟
یان تۆش بێ مایەو بێ تۆشەو وەرزی
بە کورتی بڵێم دامە بەر پرسیار
ئەم نەفسەم وەکو کتك کردەدار
بە وردی سەیری ڕابوردووی خۆم کرد
سەیرێکی عومری بابردووی خۆم کرد
باش وردبوومەوە لە ڕەفتاری خۆم
لە هەموو ئیشی چەوت و لاری خۆم
بۆم دەرکەت کەوا بە ڕاستی ئینسان
ئەگەر بیبایێ ئینساف و ویجدان

ئەوەندە زۆرە عەیب و عاری خۆی
کردەوەی لارو چەوتو خواری خۆی
قەت لۆمەی کەسێ تری نەئەکرد
ڕێگەی بە عەیبی کەسێ نەئەبرد
قەل بە قەل ئەڵێ هەر ئەتۆی ڕوو ڕەش
من سپیو جوانم بێ عەیبو بێ غەش
جا سەرم کز کرد تەریق بوومەوە
لە لۆمە کردنی خەڵکی چوومەوە
وتم زۆر عەیبە بۆ ئینسانی ژیر
بەتایبەت خاوەن باوەڕ خاوەن بیر
کە عەیب و چەوتیی خۆی هەست پێ نەکا
شەوو ڕۆژ ناوی ئەمو ئەو ببا
گەر بکا هەر کەس لۆمەی عەیبی خۆی
ڕیگای لۆمەی کەس نامینێتۆ بۆی

بەغدا ١٩٨٠/٥/٨

دڵم لەت لەتە لە لەت بڕاوم
هەرچەن خۆم لەتم لەتیش کراوم

# هێلانەی چۆڵ

جووت گرتنەوەی باڵداران
سەرەتای وەرزی بەهاران
هێلانەکردنی پەلەوەر
لە شاخ و باخ و دەشت و دەر
جریوەی خوێندن، بۆ ئەوین
نەوای دڵکێش و زۆر شیرین
سەرەتای ژیانێکی تازەیە
خۆشییێکی بێ ئەندازەیە
هێلانە، پڕ بوو لە بێچوو
دایك و باب کەوتنە هاتوچو.
بەرزترین شاد مانییە
ئاواتی بەرزی جوانییە،
بێچوو، کەم کەم پەڕ دەرئەکەن
هاتوچوی خوارو سەر ئەکەن
هەوڵە بۆ باڵ و هەڵفڕین
بۆ گرتنەبەری ڕێگای ژین
جا، پاشان باڵەفڕ ئەبن
لە هێلانە بۆی دەرئەچن
ئەو هێلانە گەرم و خۆشە
ئەو ئەوینە بە پەرۆشە

ئەبێتە چیرۆك و مێژوو
یادگارێکی هی ڕابوردوو
دڵی من بۆ دایك و بابان
ئەسووتێ هەروەك کەبابان
زوانی حاڵی ئەو دوو مەلە
کە هێلانەیان کرد بە پەلە
ئەڵێ، بۆ، چوون ئەو ڕۆڵانە
بۆ چۆڵیان کرد ئەم هێلانە؟
ئێمەیان تەنها هێشتەوە
خۆیان لە ژیانمان کێشتەوە
هەروا هەموو گیانداری تر
ئەم بەهارەو بەهاری تر
هەرواش مرۆڤ لەم جیهانە
لە خولەکانی ئەم ژیانە.
دروس ئەکەن خانەو لانە
گەرم ئەیگرن ئەم ژیانە
کۆرپەی جوانکیلەو نەرمۆڵە
بە گیان گیان و ڕۆڵە ڕۆڵە
ئەبێتە چرای ڕوونی ماڵیان
ئەبێتە هۆش و خەیاڵیان
کۆرپە ئەبێتە منداڵێ
سێ ساڵ و چوارو پێنج ساڵێ
ساغیو ناساغیو ڕەنجی زۆر
سەرمای زستان و تێشکی خۆر
ئەیپارێزن بە ڕۆح و گیان
لە کۆسپ و نەهاتیی ژیان

ئەینێنە مەکتەب ئەوساکە
ئەڵێین خوێنەوار بێ چاکە
ئای لە خۆشیی ئەو خێزانە
منالە باتە قوتابخانە
جا، ڕەنجی خوێندن دێتە پێش
ئەویش پڕە لە دەردو ئێش
ڕەنجی پەروەردە کردنی
ڕەنجی بەرهەم هاوردنی
چۆن پێئەگا، ئەو ڕۆڵەیە
چەن سالی پێش، مەتۆڵەیە
مەگەر ئەو خوا خۆی بزانێ
یاوەکو، خاوەن ویجدانێ
کەچی، کە بوویە خاوەن ئیش
هەروەك هەر گیانداری ئەویش
باڵەفڕ ئەبێت و ئەڕوا
دایکو باب ئەمێننو تەنیا
ماڵێکی چۆڵ و ساردو سڕ
بێ ڕووناکیو بێ کچ و کوڕ
پیریش، کەم کەم هاتوەتە پێش
بۆ دەردو ڕەنج و ئۆف و ئێش
لەو ماڵە گەرم و بەتینە
ئا لەو شادیو خوشیی ژینە
ئەوەی ماوە یادگاریە
خاوەن یادگار نادیاریە
ئەمجا نۆرەی ڕۆڵەکانە
دەس بکەنە ئەم ئەفسانە

پێکەوەنێن خانەو لانە
دەس بکەنەوە بەو ژیانە
بێ ئەوەی ئاورێ بەنەوە
لە ڕابوردوو بیرکەنەوە،
بەردەوامە ئەم داستانە
هەر ئەمێنێ ئەم ئەفسانە
تەنانەتیش گوڵ و گیا
لە دەشتودەر کێوو چیا
بە، بەهاران سەر دەردێرن
ڕۆژانی بەهار ئەژمێرن
دێننە بەرهەم تۆم و دانە
ئەیخەنەوە ئەو ناوانە
خۆیان ئەبنە پووش و پەڵاش
هەڵ ئەوەرێ گوڵ و گەڵاش
ژیان هەروا هاتوچوونە
هەروایە، بوون و نەبونە،
تاوێ بازاڕی ژین گەرمە
تاوێکیشی گۆڕو تەرمە
داستانێکی بێ پایانە
کێ بێ تێبگا لەم ژیانە؟
کێ بێ تێبگا لەم ژیانە؟
داستانێکی بێ پایانە!

بەغدا ١٩٨٥/٥/٥

# مەزرەعەی سینەم

مەزرەعەی سینەم پێکراوە بە ئاو
ویرانیکردوە هەرەس و لافاو

گش سەرمابردووی کزەو هەناسە
یان شەرا بردووی بڵێسەی تاسە

بۆ دووریی تۆیە ئەم ئەشك و ئاخە
لە دووریی تۆیە دڵ بێ دەماخە

## ئاڵوگۆڕ

له ئاسۆدا ئەبینم ئاڵوگۆڕێ
له کورسی دیتەخوار ئەڕواتە گۆڕێ
بەڵێ بەهرام کەوا صەییادی گۆڕ بوو
دەبینم وا بووە نێچیری گۆڕێ.
گەڕەڵسوڕێنەرێ نەبووە له کارا
لەکوێوە من بزانم دەور ئەگۆڕێ
ئەگەر هەستی ئەوین ئێوەی نەجووڵان
چلۆن صەدهایە شەیدای لەفکە شۆڕێ؟
بەذاتی خۆی قەسەم لێم ڕوونە وەك ڕۆژ
کە زۆر نیزیکە بردوویی بدۆڕێ..
دەبا باشتر بزانن، ئەم جیهانە
نییە بێجگە شتێکی قەڵب و قۆڕێ
ئەوەی دڵ خۆش بکا بەم زەرقو بەرقە
پەشیمانی له ناو چاوی ئەچۆڕێ
هەڵێکە بۆ خوداناسین، ژیانت،
کە دەرچوو دەرئەچێ وەك بارە پۆڕێ
له داوی نەفس ئەگەر گیانت نەجات دا
نەجاتت بوو له هەرچی داوو تۆڕێ
ئەگەر خۆ بوویتە بەندەی نەفسی برسی
بەڕاستی بۆڕدرای، ئەمما، چ بۆڕێ؟
بە واللە مەردی مەیدان، هەر، کەسێکە
له زۆران گرتنی نەفسا نەدۆڕێ

تاران - ١٩٧٨

# ڕۆژگاری ڕەش

بڵێم چی ڕۆژگاری ڕەش لە ڕووتان بێ بەشی کردم
شەماڵی غەم هەڵی‌کردو گوڵی خۆمی لەدەس بردم

وەکو بولبوڵ بەشیوەن سوبح و شەو دایم چڵەو چڵمە
بە وەعدێکی پەتی بوو ئەو تەمای وەصڵی گوڵی کردم

خوا سا ڕۆژگارێ سا بەهارێ وەصڵی یارێ
بە (بێوەی) ناونرام و وا لە دەس جەوری فەلەك مردم

# دڵم بۆ دا بە ئاوو گڵ

دڵم زۆر دا بە ئاوو گڵ!!
نە یەك دڵ بەڵكو هەزار دڵ
لام وابوو ئەو ئاوە جوانە
تاش و بەردی ئەو كێوانە
ئەو كانی‌یە ڕوون و سەردانە
ئەو شاخ و كێوو بەردانە
ئەو گوڵانەو گوڵاڵانە
گەڵای صەوزو هەڵاڵانە
ئەو صەوزەی ناوی باخانە
لانزاری ئەو ئێلاخانە
تەنانەت كەوی سەر بەردان
كەڵ و بزنی سەری هەردان
هەڵاڵەبرەمی گەردەن بەرز
گوڵانی كوێستانی هەزار تەرز
لام وابوو كۆترە جوانەكان
هی ئەشكەوتی خان ئەحمەدخان
بەردی شورەو بارو مەكان
هی «لووتەی گردە»و هی «بان»
لام وابوو ئاوی «دەیمەجۆ»
تەنانەت ڕێگای هاتوچۆ

ئەبێ بۆمن بێ‌و هەروابێ
هەرگیز داواهاتنی نابێ

ئەم دیوەو دیوی شان و مل
بن تاشە بەردی چۆڵ و کل
یەك یەکی زەوی‌و زارەکان
یا کانیاوی قەد پاڵەکان
ئەو هەمووە باخ و بەرهەمە
گوڵ و وەنەوشەی ئەو چەمە
شوێنەواری باو باپیران
بەردی تاشراوو خشتی جوان
میوەی ڕەنگاوڕەنگی پاییز
لەم پەڕ هەتا ئەوپەڕ بەڕیز
لام وابوو تاف و گۆمی مەنگ
پەپوولەی ڕەنگین و قەشەنگ
لام وابوو شاخ و شیوو دۆڵ
لام وابوو بەردو خاك و خۆڵ
هەر لە زەڵمەوە تا خورماڵ
هەر لە دەشتەوە تا قەد پاڵ

ئەبێ بۆ من بێ‌و هەروابێ،
هەرگیز دواهاتنی نابێ

ڕیشەی دڵم داکوتابوو
دڵ لەم خاکەدا ڕوابوو
لام وابوو بووکەو هێنراوە
تەنها بۆمن مارەکراوە

کەس نەیدیوە دوو سێوەکەی
نەیکردوە ماچی لێوەکەی
نەیدیوە هەرگیز بێگانە
ئەو ئەگریجە ئەو چاوانە
نەم زانی پاشماوەی جیهانە
سەرەخۆرەی هەزارانە
نەم ئەزانی بۆ کەس نابێ
هەروا بووەو ئەبێ وابێ
نەم زانی شووی وای کردووە
دەزگیرانی وەهای بووە
من هەر هیچم نیسبەت بەوان
نیسبەت بە قودرەتی ئەوان
خاوەن دەسەڵات و گەورە
هەمووی یەکە پیاوی دەورە
پاشاو میری بە دەسەڵات
خاوەنی پاداش و خەڵات
خاوەن لەشکەرو سوپای زۆر
خاوەن سەرمایەی جۆراو جۆر
ئەم خاکەی وا لای من زۆرە
جیهانێکی هەزار جۆرە
مەڵبەندێکی زۆر قەشەنگە
ژیانێکی ڕەنگاو ڕەنگە
کەم و کووڕ بوو نیسبەت بەوان
بۆ بەربڵاوتر ئەگەڕان
کەچی ئەوانیش هەروەك من
کەوتنە ناوی گۆمی بێ بن

نەگۆڕێ ما نە گۆڕستان
نە خانێ ما نە ئەحمەد خان
لە هەزاران میرو پاشا
گۆڕێ نامێنێ لە پاشا
ناو ئەمێنێ ئەڕوا ناوك
ڕۆشتن باوا گەورەو باوك
تەنها گۆڕێ ئەگەر ماوە
تەنها گۆڕێ کە ناسراوە
گۆڕی مەردانی خودایە
کە گومەزو بارەگایە
گۆڕی دەرویش و هەژاران
زۆریان ماون بە هەزاران
ئەوان دڵیان نەدا بە خۆڵ
نەبوونە بەندەی دەشت و دۆڵ
دڵیان جێی نوری خودا بوو
پشت و پەنایان ئەڵلا بوو
هەژارێ بوون لە شێوەدا
بەڵام پاشا لەو کێوەدا
خزمەتکاری هەژاران بوون
بۆ دەردی هەژار دەرمان بوون
ماوەتەوە گۆڕی ئەوان
دەوریان بووە بە گۆڕستان
بەڵام گۆڕی زۆردارەکان
خاوەن سوپاو سەردارەکان
هەتا گۆڕی یەکێ دیارە
هەزارانیان گومەسارە

پاشی ئەم ئەزمونە تاڵە
کە بەرهەمی چەندین ساڵە
ئیستە ئەوەم ئەوێ لەخوا
ئاواتم ئەوەتا کەوا
گۆڕم وەك گۆڕی هەژار بێ
دڵم جێگای نووری یار بێ،
خاك و زەوی هی کەس نیێە
هی دەس دارو بێ دەس نیێە
هەرکەس وەك من دڵی دۆڕان
کردیێە جێگای گڵ و گوڵان
ئاخرەکەی پەشێمانە
سەرگەردانەو سەرگەردانە

بەغدا ١٩٨٧/٩/٢١

# بەشی خۆشەویستیو خۆشویستن

## لێوی ئاڵت

لێوی ئاڵت، چاوی کاڵت، دەنگی نەرمت، دەستی گەرمت،
دڵ فرێنن، خەم ڕەوێنن، دڵ تەزێنن، خەم پەڕێنن،

لێوی ئاڵت دڵ فرێنە، چاوی کاڵت خەم ڕەوێنە.
دەنگی نەرمت دڵ تەزێنە، دەستی گەرمت خەم پەڕێنە

ئەحمەد ئاوا - ١٩٥٦

## دەست و پێی خەناویی

دەست و پێت سوور کردوون کێ‌بێ لەوان ورد بێتەوە
تا بزانێ خوێنی دڵمە وا بەدەست و پێ‌تەوە

# بۆ تاقە خۆشەویست

شۆخەکەی شیرینەکەم دڵدارە شاهێن چاوەکەم
قەد سنەوبەر، سینە مەڕ مەڕ چاوەکەم قژ خاوەکەم
پەلکە شۆڕی ڕەوتە پۆڕی خۆش وتاری دڵ تەوەن
دەم گوڵە بۆن سونبوڵە، خۆش ناوەکەم، شەکراوەکەم
دان صەدەف، مەمکە بەهێ، باسك بلورین، بێ میسال
دڵ ڕفێنە، خەم ڕەوێنە، یارە شیرین ناوەکەم
سەر هەتا پێ بێ غەشە پەلکە ڕەشە بێشەرتەکەم
خۆ لە دووریت ڕۆژو شەو گریانە پیشەی چاوەکەم
من وەکو بوڵبوڵ نیەم بۆ گش گوڵێ بێمە سەما
من هەموو یەك گوڵ لەبەر ئەو مەیلی دڕك و داو ئەکەم
وانەزانی ڕۆژو شەو بۆڕاوە دەچمە هەردو کێو
من لە عەشقی چاوی تۆیە لێرە ئاسکە ڕاوە کەم
تۆ ئەگەر بێو بم کوژی یابم خەیە زیندانەوە
یا بسووتێنی بە نازت جەرگە هەڵ قرچاوەکەم
سەر بوڵەندم مەستو ڕەندم، شادمانم، کامەران
چونکی کوژراوم بە نازی یارە قەد لاولاوەکەم
ماچی لێوو کوڵمی سێوو چاوی بازو دەردی ناز
مەستی کردم، پەستی کردم، شێتی هەردوو کاوەکەم
ئەی خوا ساکەی بە دیداری بە ئاواتم بگەم
کەی لە چاوەی لێوی ئاڵی جەرگ و دڵ تێراوەکەم

کرماشان
١٩٦٧/٧/٢٣

# فەرقی منو بوڵبوڵ

بوڵبوڵ ئەخوێنێ کە گوڵ پەیدا ئەکا
من کە ڕوخسارت ئەبینم لاڵ ئەبم
هەر عەذابی دڵ ئەدەی تا تەوبە کەم
چی بە عەکسە تاکودێ هەر قاڵ ئەبم

# سەیری گوڵ

ئەڵێن سەیری مەکە گوڵ بۆنەکەم سەیری لەڕێی خوادا؟
ئەڵێم کوفرێکە بۆ نیعمەت ئەگەر تۆ خۆت لە گوڵ لادا
کە من بۆنی گوڵێ ناکەم کە من عەتری گوڵێ نابەم
کەوابوو بۆ نەکەم سەیری هەتاکو وام لە دونیادا
گوڵم ژاکان ئەگەر بێن بیبرن دەستم وەکو هی دز
بەسە بۆم سەیری گوڵزارو خەمم ئەدرێ بە دەم بادا
ئەگەر بیدا بە لووتا صوبح دەم بۆنی گوڵێ بایێ
ئەکەم ئەو ڕۆژە شانازی بەسەر گەردوونی خەزرادا
ئەگەر ئەو لوتفە شیرین کردی، تۆ بیکەی لەگەڵ بەندە
هەزار تیشە ئەکێشم من بە ڕیشەی عیشقی فەرهادا
ئەڵێم خۆ من ئەکەم سەیری گوڵ و گوڵزاری ئەم دنیا
ئیتر هەر واعیظی ناصح سەری خۆی با بەسەنگادا
ئەڵێم من عاشقی جوانیم وەکو خالق ئیتر با هەر
ئەوەی وشکە بقیڕێنێو بزیرێنێ بە زوڕنادا
من وشەم شەم چ فەرقێکمان هەیە لەم وەزنەدا ئیتر
نەکا ئەو سەیری ڕۆژو من نەکەم سەیرێ بە ڕەعنادا
مەکە مەنعی کەسێ هەرگیز لە سەیری سەنعەتی خالق
ئەوە جوانیی دروس کردو ئەوە حوسنی بە زێیادا
ئەبێ تەحسین و تەوصیفی بکەی کرداری ئەی «بێوەی»
نەوەك بیبەستی دووچاوت لە عاسی سەنعەتی خوادا

شاری سنە ١٩٦٦

# لەیلی بێ بەزەیی

ئازیز بە ڕەوتی نیمچە غەزاڵان
بێگوزەر بکە لە دەوری ماڵان
جوان جوان بیرێژە لە خەتو خاڵان
باشوێنت کەوم وێنە عەواڵان
ئازیز تۆ بێو خوا بەسیە عەزابم
بەس بێبرژێنە دڵەی کەبابم
باتۆ کەم شەرت بێ من بێ مەیل نابم
شەرت بێ بیتە هەور منیش وە با بم
ئازیز هەتاکەی هەر بە دەم یاری
لە دە ڕۆژ جارێ ڕۆژێ دیاری
لەگەڵ پەردەی دڵ بە وێنەی خاری
بەزەییت نییە ودایم زۆرداری
ئازیز هەرچۆن بێ دڵ غوڵامتە
سەرم چاوەڕێی هەر کەلامتە
دەس لە سەر سەرەو هەر سەلامتە
دڵەی وێڵ بووم وێڵی نامتە
ئازیز شیرین بێ، منیش فەرهادم
لەیل بێ، مەجنونی سەد ڕەنج وە بادم
لە پاش صەساڵ بێ هەر تۆی جەلادم
هەتا من ماوم هەر دڵ ناشادم
ئازیز کەوابوو دەی باسەر بەس بم
دوور لەمەرایی‌و مەیلی هەرکەس بم
«بێوەی» بۆ دەس دار یاخۆ بێ دەس بم
شوێنێ تۆ کەوم تا دوا نەفەس بم

بیارە- ١٩٥٠

# لەیلی
## بۆ بەزەیی

ئازیز بە ڕەوتی ئیمچە غەزالان
بێگوزەر بکە لە دەوری مالان
جوانی جوانی ببڕێژە لە خەتو خالان
باشوێنت کەوم وێنە عەوالان
ئازیز تۆ بی‌و خوا بەسیە عەزابم
بەس بی‌برژێنە دلەی کەبابم
باتۆ کەم شەرت بی من بێ مەیل نابم
شەرت بێ ببێتە هەور منیش وە با بم
ئازیز هەتاکەی هەر بە دەم یاری
لە دە ڕۆژ جارێ ڕۆژێ دیاری
لەگەل پەردەی دل بە وێنەی خاری
بەزەییت نی‌یە ودایم زۆرداری
ئازیز هەرچۆن بی دل غولامتە
سەرم چاوەڕێی هەر کەلامتە
دەس لە سەر سەرەو هەر سەلامتە
دلەی وێل بووم وێلی نامتە
ئازیز شیرین بی، منیش فەرهادم
لەیل بی، مەجنونی سەد ڕەنج وە بادم
لە پاش صەسال بێ هەر تۆی جەلادم
هەتا من ماوم هەر دل ناشادم
ئازیز کەوابوو دەی باسەر بەس بم
دوور لەمەرایی‌و مەیلی هەرکەس بم
«بی‌وەی» بۆ دەس دار یاخۆ بێ دەس بم
شوێنێ تۆ کەوم تا دوا نەفەس بم

بیارە- ١٩٥٠

# ناڵەی بوڵبوڵ

بەڵێ بوڵبوڵ ئەناڵێنێ وەکوو من
بە دەوری باخ و گوڵ دا هەڵ ئەسووڕێ

بگاتە هەر گوڵێ بەزمێ ئەگێڕێ
لە نەغمە بەرگی جوانی بۆ ئەدووڕێ

بەڵام من هەر گوڵێکم هەس لە دونیا
جگە ئەو نامەوێ هیچ صەوزو سووری

# دڵبەری زیزو دڵداری ئارەزو مەند

شەماڵ دەخلیم شەماڵی بەهار
ئەم چەپکە گوڵەم ببەرە بۆ یار
بەش سەیری بکا یاری دڵبەرم
بێتەوە یادی پارچەی جگەرم
تەماشا بکاو بڵێ بەهارە
خۆ ئەمە فەسڵی گوڵ و گوڵزارە
دڵدارەکەی ئەو ئەڵێن زۆر ماتە
لەسەرە رێگەی هاتو نەهاتە
چونکی بەینێکە یاری نەدیوە
ئەو باڵا سەروە ئەو پەلکەزیوە
کە گوڵەکەی دی یاری نازارم(١)
بەزەیی دێتۆ بە دڵی زارم
چاوەچاو ئەکا ئەو بۆ یارەکەی
بۆ دێوانەکەی بێ قەرارەکەی
کەچی سەیرئەکا یاری زۆر دوورە
بێ کەیفە ماتە هەم بێ سروورە
بانگی لێ ئەکا ئەو گوڵ ئەندامە
ئەو باڵا بەرزەی مەك شەمامە
جا دڵم دێتۆ لە رێگەی نەهات
کە لە دوورۆ دی دیمەنی باڵات

بە دڵێکی غەمگین جواب ئەداتەوە
بە چاو فرمێسکین لا ئەکاتەوە

ئەڵێ ئازیزم عەلەیك السلام
هێناتە وەلام رۆحی بەرەڵام

ڕۆحم سەرگەردان لە کێوو هەرد بوو
ژاکاوی دەستی ئازارو دەرد بوو

وا نەجاتی بوو دڵم لە ماتەم
بە خوات ئەسپێرم هەر دوو دیدەکەم.

---

(١) ئەم هۆنراوەیە یەکەم هۆنراوەمە کە چواردەساڵ بوم

بیارە - ١٩٤٥

# کڵاوی با بردوو

ئەی دڵ خەریکی کام دەردی سەری
خەریکی خەیاڵ بۆ کوێوە بەری؟
تاکەی شوێن کەوتووی ئاوی سەرابی
خەریکی بازیی نەردی بێ دەری
تۆ باش ئەزانی گوڵی ئەو باغە
قەت بۆ تۆ نابیو ڕەنج بە هەدەری
ساڵێك و دوو ساڵ سێو چوار تێپەڕی
بە ئاە و حەسرەت بە دەردیسەری
ئاکامی خۆتت باش لە پێش چاوە
نازانم تاکەی هەر بێ خەبەری
موژدە بێ لە تۆ هەتاکو ماوی
ئەم ڕێ بپێوی گرەو نابەری

بیارە - ١٩٤٩

# لاشەی سووتاوم

سورمەیی چاوت خەڵووزی لاشەکەی سووتاومە
گەردی سپیاوت لە گەردی جەستەکەی جیماومە

کەس نی‌یە بێژێ بە تۆ، قاتڵ ، بە هەر فەردێ ئەگەی
هەر ئەڵێ ئەو شۆخە جوانە نووری هەر دوو چاومە

# ئایین و تەصەووف

# لەگەڵ خودای خۆم

بە غەیری لوطفی تۆ قەت طالبی گەنج و گوهەر نابم
کە لوطفت بوو نییە فەرقی گەدابم یا وەکو شابم

نەزانم کامە باشە بۆم ئیتر داوا لە تۆ چی بکەم
کە وابوو کامە باشە بۆم خودا وابێ خودا وابم

دووڕۆ ١٩٦٦

# ئیمان کامە

سەیری دڵم کە چ غەوغاییێکە
سەیری سەرم کە چ سەوداییێکە
چی بکەم لەوانەی سەیری دەر ئەکەن
یان سەیری ڕیشوهی مێزەر ئەکەن
یان سەیری پرچ و تەسبیح و عەبا
کەهەر خەڵکی دی ناوی هەق ئەبا
یاخۆ نوێژی سەر بەدردەنوێژان
یادەم قونچانی مانگی ڕەمەزان
هی وایان هەیە کە دڵی ئەوان
خاڵی و پەتی یە لە نووری ئیمان
درۆو دەلەسەو ناوی خەڵك بردن
دزی و غەیبەت و کاری بەد کردن
خۆماڵی کەسێ کەوتە ژێر دەسی
ئەر بێگانە بێ یان خزم و کەسی
تازە فاتحەی مەر بۆ بخوێنی
هەرگیز ناتوانێ لەوی بسێنێ،
ئەی برا ئیمان وا لە ناو دڵا
چەپۆکان ئەکاو هەروا لەکوڵا
ئەو دڵەی چۆڵ بێ لە یادی یاران
وێرانە وێنەی کۆنە هەواران

کردەوەو ڕەوش بە پێی شەریعەت
ئیمان و دڵیش لە ڕێی تەریقەت
جا ئەوسا مرۆڤ مەردی خوایە
ئەوەتە گەنجێ کە دوایی نایە
خۆزگە بەو دڵەی پڕ لە هەرایە
پڕ لە غەوغایەو پڕ لە سەودایە
پڕ خوشەویستیو یادی یارانە
هەر وەك بازاڕی گەرمی شارانە
بەشەوو بە ڕۆژ. مەنزلگەی یارە
لێی غافڵ نییە صوبح و ئێوارە
نوێژ پێنج کاتە لە ڕۆژو لە شەو
ئەو خوای لە یادە لە بێداریو خەو
خوا خۆی ئەزانێ ڕاست بێ یا درۆ
هەرگیز نایزانین نە من و نە تۆ

بیارە - ١٩٥٩

# فەلسەفەی ژیان لە ڕوانگەی ئایینەوە

سەرێ گەر خواپەرستیی تیا نەبو پوچەو بەجێ ماوە
دڵێ وا نوری حەق شەیدای نەکا تەختەی سەری ئاوە
دوو چاوم بۆیە لاچاکە کە ڕێگەی ڕاس دیاری کەن
کە چاو ڕێگەی نەدی گاڵۆکی کوێرێ چاکە لەو چاوە
خیرەد وەختێ بە کەڵکە وا لە دەردی سەر نەجاتم دا
چ عەقڵێکە نەزانێ کامە دانەو کامەیە داوە؟
دەسێك هەر هەوڵی بردن بۆ دەم و گیرفانی ئینسان بێ
چ دەستێکە نەزانێ کامە پاکەو کامە گڵیاوە
ئەگەر قاچ و قوڵم هەر بۆ پەلامار بێ بە هەر لادا
لە ئاکاما ئەبێ بم خاتە ناو چاوە بە دوو پاوە
زوان بۆیە خوا داویە کە ڕاس و چاك و باش بێژێ
ئەگەر هەر بەد بە خەڵك ئێژێ ئەوە ماری کونی ناوە
ئەگەر گوێ، گوێ قوڵاغی غەیبەت و لۆمەی برایانە
خۆشا بەو ڕۆژە وا بێژن کە پەردەی گوێتە دڕیاوە
پەنا بە خوا بەرین چاکە مەگەر هەر ئەو بە لوطفی خۆی
بمان پارێزێ لەم داوە چ لەم لاوە چ لەو لاوە
ئەمین گەر لوطفی حەق فریا نەگا لەم ڕۆژو دەورانا
بەشەر تاچاوە کاتۆ تیا چووە فەوتاوە خنکاوە

تاران صەفەر ١٣٩٥ هـ
٦/١٩٧٥ م

# ڕێبواری ڕێگەی خۆشەویستی

لە ڕێبوارانی ڕێگەی خۆشەویستیم
غولامی گەردی قاپی عیشق و مەستیم
لە کینەو خۆپەرستی دڵ ئەشۆرم
عەزیزم خاکساری تۆ پەرستیم
لەوەی دڵ بوویە جێگەی تیشکی ڕووی تۆ
بەنرخ و بایی‌یە لام ژین و هەستیم
ئەمانەت گەوهەری عیشقەو لەلامە
ئەمین دارو ئەوین داری ئەلەستیم
لەوەی هەڵقەی غولامی تۆم لەگوێیە
سەرم بەرزەو نەماوە دەردو پەستیم
فیدای ساتێکی دیدارت عەزیزم
دڵ و گیان و ژیان و هەست و نەستیم
ئەگەر بۆم دەست بدا داوێنی لوطفت
ئەوا من دوور لە داماوی‌و لە پەستیم
مەکە ئەمرۆ و سبەی بۆ کوشتنی من
کە من خۆم خوێنەخۆری خۆپەرستیم
بە ئاواتی ژیانی پاش نەمانم
ئەمن کوژراوی دەستی دەستی دەستیم
ئەهای چەن خۆشە مەستی عیشقی تۆ بوون
غولامی گەردی قاپی عیشق و مەستیم

بەغدا ١٩٨٥

# نرخی مرۆڤ لە ڕوانگەی تەصەووفەوە

دڵۆپێ فرمێسکی بێگەرد
ئەگەر بتکێتە سەر بەرد
یا، ناوی کۆش و داوێن
یا، هەر شوێنێکی خاوێن
وا، ئە بێتە مرواری
چون لە دیدەو دڵ باری،
منیش ، ئەو هەڵسە ڕوونەم
هی چاوی ئەم گەردوونەم
کەوتمە ناو کۆشی جیهان
ناوی دنیای گەش و جوان
بوومە ئەم مرواری‌یە
وا بەنرخ و دیاری‌یە
لەناو بێشکەی صەدەفا
بۆی کەوتم پشتەو قەفا
ئەی لاوانمەوە دایە
لەگەڵما کردی کایە
نازی قەت نەشێوانم
ئەیشێلا ئلاای گیانم
کۆرپەی جوان و شیرین بووم
(بێوەی بووم و ئەمین بووم)[1]

لەپاشان بوومە لاوێ
پاشتریش بوومە پیاوێ
ساردو گەرمی ژینم دی
گریەو پێکەنینم دی
بەرزی‌و نزمی‌و دەشت و بەرد
زەماوەندو شین و دەرد
پاش پەنجا ساڵ لە ئەزموون
دنیا دین و هاتوچوون
باش بۆم ڕوونە کە ئینسان
بۆیە هاتوتە جیهان
بۆیە پێی‌درا ئاوەز
کرایە خاوەن ڕەگەز
ئا بەو ئاوەزو هۆشە
ئەزموون بکاتە تۆشە
خۆی بناسێ‌و خاوەنی
نرخێ دانێ بۆ ، تەنی .
بزانێ خۆی گەوهەرە
نرخی ڕادە بەدەرە
حەیفە پڕ تۆزو خاك بێ
ئەبێ بێ‌گەردو پاك بێ
ئەر بێت و سەیقەل بدرێ
خەوشی لەسەر لابرێ
وەك ئاوێنە ئاوایە
جێگای نوری خودایە
ئەم دنیا گەورەو زۆرە
ئەم خەڵکی جۆراوجۆرە

لەوا ئەدرەوشێتەوە
جێگایان ئەبێنەوە،
ئاگرو گڕ نیەو نوورە
کوژانەوەی لێ دوورە
گەوهەری شەوچرایە
نرخی هەر دوایی نایە

من بۆیە بە پەرۆشم
بەگیان و دڵ ئەکۆشم
شەیدای ئەو جۆرە ژینەم
وێڵی ئەو سەرزە مینەم

ئەمەوێ ببمە گەوهەر
لە خاك و خۆڵ بێمەدەر
ببمە نوورو ڕووناکی
سەرتاپا پاکیو چاکی

بەڵام تەنها بە ئاوات
هیچ کەسێ بە مراد ناگات
ئەوەی نەسووتێ وەك (طور)
قەت نابێتە جێگەی نوور

بۆیە وێڵم ، دەربەدەر
بۆ وەستای ژیری سەروەر،
خوا سا فەریادرەسێ
سا کەسێ خاوەن دەسێ

وەستای دڵێ، دەسگیرێ
ڕێبەرێ ، ژیرێ، پیرێ
بم سووتێنیو قاڵم کا
فێری گڕوگاڵم کا

بۆ لای تۆ پێشم کەوێ
خوایە هەر ئەوەم ئەوێ

بۆ ژیانی بێ مردن
بۆ دەریاییێکی بێ بن

ئەوە ئاواتی منە گەورە خەڵاتی منە

---

(١) ناوو ناز ناوی خۆم

١٩٨٧/٥/٧
بەغدا

# هۆنراوەیێک بۆ دوای مردن

لەم دنیا قەڵبە کۆچت کرد «بێوەی»
چاکت کرد بێوەی نە نووسای پێوەی
لەوساوە کەوا دنیات باش ناسی
ڕێت کەوتە ماوای خودا شناسی
ئیتر قەت دڵت نەداوە لە دڵ
دڵت قەت نەدا تۆ بە خاک و گڵ
خاکێ کەوا تۆو ملیاردهای وەک تۆ
لە ڕەنجی خۆیان ئەکا ڕەنجەڕۆ
هەر کەسێ دڵی پێبدا شێتە
من بەخۆم ئەڵێم مەڵێ بە کێتە
دڵ بەوە بدە کەوا نامرێ
سەرەنجامی دڵ لای ئەو ئەبرێ
ئای لە نەزانی ! ئای لە نەفامی!
ئای لە جوانی! لە کاڵیو خامی!
دەردی بێدەرمان هەر نەزانینە
سەرچاوەی زانین پاك و شیرینە
بەڵام، خۆ زانین پاش ئەزموون ئەبێ
بە ڕاست ڕۆیین و هەڵەچوون ئەبێ
خۆزگە بەو کەسەی خوا پێی داوە
هەنگاوی هەڵەی قەت هەڵ نەناوە

لە سەرەتاوە ڕاس ڕۆیشتووە
ڕێی چەپ و چەوتی قەت نەگرتووە
ئەوانە بێشك خوا پێداون
هەر سەرکەوتوون و قەت نەدۆڕراون
ئەوانەش وەك من پاش هەزار هەڵە
جا ناسیویانە چەشتە لە تەڵە..،
مەر بە لوتفی خوی کەرەمی کەریم
ڕزگاریان بکا لە تاوی جەحیم
ها من وەڕوی زەرد سەری خەجاڵەت
خوم خستە قاپیت دەرکی ئەو ماڵەت
هاتوومە مەیدان بە گریانەوە
مووی سپی ڕووی ڕەش پەرێشانەوە
جگە لە لوطفت نیمە توشەیێ
لە هیچ کشتگەیێ نیمە هوشەیێ
ئەوەند شەرمەندەم خوشم نازانم
بەکام زوان بڵێم من پەشیمانم
شەرمەندەیی خوم بو عەفووم بەسە
لای کەسێ ئەڕوم لە جێی گش کەسە

١٩٨٥/١٢/٦ - بەغدا

# بەشی خۆشویستنی گەل و نیشتمان

# نیشتمانی دوا کەوتوو

نیشتمانی کورد بۆچی سەرکزیو مات و حەزین
بۆچی نات بینم بە شادی هەر هەناسەو هەر گرین
بۆچی خاکت یەك سەری مەحرومی علیم و صەنعەتە
بۆ منالی تۆ لە ئەوڕەو کارەبا گشت بێ بەریین
بۆ لە ئەوضاعی زەمانەو سیاسەتا ناویان نییە
بۆ شەریکی غەم سەراسەر خۆ لەخێرا هەر تەرین
تاکو کەی دڵسۆز بە دەم هاوار بکەن ناڵە بە دڵ
ئێوە تاکەی هەر لە ئەرزا بن ڕفیقتان هەڵفرین
گەر نییە صەنعەت برای من هیچ نەبێ وەحدەت‌بێ
یەکیەتیو یەك دڵ لەگەڵ یەك با هەمومان یەك گرین
تا منال و بێ تەماعین ئای لە ئەو دڵپاکی یە
خذمەت و عەزم و سوبات هەروەك بلیسەی ئاگرین
جا لە کاتێکا کە بووینە خاوەنی‌نان و مەعاش
خذمەتی چی ؟ میللەتی چی ؟ گشت لە بەفراو ساردترین!
هەر کەسە سەرگەرمی کەیف و خواردنەوەی سەر مێزی خۆی
دوور لەمەردوم کەیف ئەکەین باوانەزانن کافرین
کەس نییە باسی هەتیوی سەرکزی کۆلان بکا
یەك لە یەك زیرەك ترو لای ئێمە وایە سەرسەرین
خۆ نەمانــزانی چ گەنجێکت تیایە ئەی وەتەن
چۆنی دەربێرین لە دڵتاو لەودوا بۆ کوێی بەرین؟

کانگەی ئاڵتوون و نەوت و صەد هەزاران مەعدەنی
کەس نی‌یە چی‌بکەم کە بتکا توش بە فیردەوسی بەرین
چونکی ئێمە هەر لە دەوری بەردی پێشوو بە دترین
چون ئەوان مسیان ئەناسی ، ئێمە تازە مزگەرین
چەن لە گردی شارەزوورا زێرو زیو هێنرانەدەر
یان لە ئەنتیکەی لەمێژو زۆر بەنرخ و گەوهەرین
خۆ ئەمانەی من گوتم هی پاش میلادە ئەی برا
زۆر شتی ماوە کە نازانین چی‌یە ناویان بەرین
دەی ئیتر بەخوا لە عەیبە دەرچووە ئەی کوردزمان
تاکو کەی غیرەت نەجووڵی بۆ نەصیحەت ناگرین؟
«بێ‌وەیا» تۆ وا ئەزانی هەر بە تەنها غەم ئەخۆی
زۆر کەسین وا بۆ کزیمان دڵ بە پشکۆی ئاگرین

ئەحمەدئاوا ـ ۱۹۵۲

گوێ لەمشتی هیچ کەسێ نیم بەرزە نەفسم بەرزە زۆڕ
نانەوێ بۆ هیچ دڵێرێ تا ئەڕۆمە ناوی گۆڕ

## موژده

پێنووس بۆ کەیتە سا بێرە زوان
وا رزگاری بوو خاکی کوردستان
نەما زۆردارو نەما زورداری
نەما شکەنجەو زۆرو ئازاری
بەزۆری بازووی رۆڵەی بەجەرگت
بەرگی رەش لاچوو گۆڕی‌یان بەرگت
موژدەی ئازادی، چەندە پیرۆزی
چەندە شیرینی دەس مایەی هۆزی
فرمێسکی شادیت لە دیدە رژان
هێناتە سەما دڵ و رۆح و گیان
ئەم دنیا کەی وا شیرین و جوان بوو
کەی وا رەنگین و پڕ لە سامان بوو
کەی هێندە حەزم ئەکرد لە ژیان
بو بوونە بارم ژیان و گیان..
ئیستە دنیا خۆش وێنەی بەهەشتە
هەمووی شایانی سەیران و گەشتە

درزلی ١٩٦٣

# بۆ باران

ئاسۆی ژیانم پڕ تەم و گەرد بوو
دڵم پڕ دەردو دیمەنم زەرد بوو
بەڵام بە موژدەی سەرکەوتنی کورد
لێشاوی شادی ناشادیی گشت برد
ئیستە ڕەنگی زەردی خاك و وڵاتم
ڕۆژی تێکۆشان بۆچی نەهاتم
لێرەش بۆ ئێوە دڵ بریندارم
کزیو خواریتان ئەدەن ئازارم
شانازی ئەکەم هەمووی تەمەنم
ناپاکیم نەبووە من بۆ وەتەنم

درزلی ١٩٦٣

# بەرا وردێک

جیهان خۆشەو هەمە ڕەنگە
ژیان شیرین و قەشەنگە
دەریاو دەشت و شاخ و داخە
بەرزیی‌و نزمیی‌و چەم و باخە
خەڵکی هەر شوێنێ لە جۆرێ
ڕەش و سپی‌و زەردو بۆرێ
زۆر شوێنم دی ئا لەمانە
زۆرم زانی لەم ژیانە
زۆر شوێن گەڕام لە خوارو ژوور
زۆریشم دی لە سەوزو سوور
لە گوڵ و باخی ڕەنگاو ڕەنگ
لە چەمی خوڕو گۆمی مەنگ
دەریاو بێشەو جەنگەڵی زۆر
نیرگسی سپی‌و وەنەوشەی مۆر
بەژنی بەرزو لاشەی ناسك
گەردنی جوانی وەك ئاسك
خواردەمەنیی هەزاران جۆر
مێزی ڕازاوەو سفرەی زۆر
مەل و پەلەوەری شیرین
گیانداری پێکەوتوو ڕەنگین

شاری ڕێك وپێكی بێ گەرد
دوور لە ئازارو ئۆف و دەرد

سەنعەت، تەمەددونی باڵا
هەمەجۆر کو تاڵ و کاڵا

بازاڕ لە سەد جۆر ڕازاوە
تا بن میچی ئاخنراوە

ئۆتێلی خاوێنی نایاب
بە مەیلی خۆت چێشت و کەباب

لەسەر دەریاو چۆم و باخا
لە تەنشتی کێوو شاخا

هەوای گەرمی زۆر گەرمم دی
چەمەنی سەوزی نەرمم دی

کوێستانانی زۆر بەرزم دی
گوڵی هەزاران تەرزم دی

شوێنی گشت کات بارانم دی
باخچەی گەشت و سەیرانم دی

مەڵبەندی هەمیشە بەهار
پڕو چڕی سەروو چنار

ئەمانەو زۆر دیمەنی جوان
چەندین شوێنی خۆشی ژیان

بەڵام بە خودای دوو جیهان
بە خاوەنی ژین و ژیان

بەوەی جیهان و کائینات
چۆنی بوێ وای لێ ئەکات

ئەم دی شیرین وەك كوردستان
ئەم دی ڕەنگین وەك كوردستان
ئەم دی دڵگیر وەك مەڵبەندم
وەك دەشت و شاخ و زەمەندم
نە ئاو، نەنان، نەدۆ، نەماس،
كەرەو پەنیر، كارگ و ڕێواس
نە هەوا، شاخ، بێشەو جەنگەڵ
چەم و كانی‌و دڕك و شەخەڵ
نە باو شنەی سەرماو گەرمای
نە گوڵ و باخ و كانی‌و گیای
نە باڵای ڕێك، بەژنی لاوان
نە نیونیگای گەشی چاوان
نە ڕەوتی وەك كەوو ئاسك
نە خڕخاڵی قۆڵ و باسك
تام و مەزەی میوەو خۆراك،
نە مێزی جوان و چاك و پاك
هیچی ناگاتە هیی خۆمان
قەت ناگاتە نان و دۆمان
صەد نیونیگای ئەو شۆخانە
نابنە تیری ئەم چاوانە
تام ومەزەی خواردەمەنیی
كەی ئەگاتە هی وەتەنیی؟!

به بانگی بەرزی پڕ بەدەم
ئەڵێم بە دەشت و دۆڵ و چەم

ئەڵێم شایەت بن بزانن
ئێوە یادگاری ژیانن

کە من ئێوەم ئەوێو ئێوە
دڵم بەستەی چیاو کێوە

شەوو ڕۆژ بیرم لاتانە
دڵم شەیدای کوردستانە

ئەمریکا ـ کلۆرادۆ ١٩٨٠

# باغی ئازادیی

باغی ئازادی سەوزو ڕەنگینە
تیراوی خوێنە بەهەشتی ژینە
گوڵ و گەڵای ئەو، دڵی میللەتە
میوەو سەمەری، جەرگی لەت لەتە
سەروی ئازادی، باڵای شەهیدان
شەونمی ئەوە، فرمێسکی گریان
باغەوانیەتی، هەزاران تاسە
ئەشەکێتەوە، بە بای هەناسە
بە باخێك ئەڵێن باخی ئازادی
کاری تێ نەکا بای نامورادی
بۆ ئاوا باغێك کێ تەعظیم ناکا؟
کێ گیان و ڕۆحی بەو تەسلیم ناکا؟
هەر گەلێك خاوەن باخێکی وابێ
لەناو گەلانا قەت سەرشۆڕ نابێ

شاری سنە ١٩٧٩

# سەر لێ شێوان

من لەم دنیادام وێڵ و سەرگەردان
شێواو لە دەشتا، گێجی سەر هەردان
نەسۆفیم، نە شێخ، نە لە مەیخانە
نە فەیلەسووفم نە وەك دێوانە
نە بازرگانم، نە جوتیارانم
موچەخۆریش نیم، لەبێ کارانم
نە ئەهلی دڵم، نە شەیدای یارم
نە گوم ناو گوم ناو، نە باش دیارم
نە خاوەن پارتیو دەسەو دەسەڵات
نە یەکجار بێدەس بچمە ڕیزیلات
من نیم لەڕیزی پیاوی دنیادا
خاوەن عەشرەت بم بەم لاو بەو لادا
نەستەم کارم ئازاری کەسێ
نەزۆرلێ کراو هی خاوەن دەسێ
نە پیاوی سیاسەت حیزبێکی مەعلووم
نە هیچ نەزانێك کە بڵێم تیاچووم
نە تەواو دین دار کە وا مەشهوربم
نەبێ دینێکم کە لەدین دووربم
نەخەڵکی ئێران نەهی عیراقم
من ئەم ژیانەم بوەتە مەراقم
کەواتە منم وێڵ و سەر گەردان
شێواوی دەشتان گێجی سەرهەردان

مەحمود ئاوای دووڕۆ ١٩٦٤/١١/٩

# بۆ حەمەی شەوکەت یاریان

دڵ بە دنیا خۆش، لاوی ئیسك سووك، حەمەی بێچارە
خوێنەواری چاك، ژیرو سەرلەرێ، رۆڵەی ئەم شارە
چەن دڵت خۆش بوو بەم دنیا سپڵە، چەن کوڕی چاك بووی
پارچەی بۆمبای پیس، لێ‌ی‌دای کوشتیتی، هەرچەن تۆ پاك بووی
خانەو لانەکەت شێوا، وێران بوو، کتێبخانەکەت.
تەنها بەجێت هێشت، بۆچی بەجێت هێشت؟ ژنە جوانەکەت
لەدەس دەسرێژی گوللەی تەیارەی دەس درێژکەران.
تەنرابوو رێگا ساردوسرەکەی ئەچوو بۆ قەبران
لەناو کەلاوەی سەری کۆڵانا جێگات کراوە،
بە (جمهوری) پاسدار، تەنانەت رێگەی قەبران تەنراوە
لە شاری خۆتا لە خاکی خۆتا دوژمنی زۆردار
کوشتیتی نەیهێشت بنرێیتە گۆڕێ، خودایا هاوار!
کۆڵان و شەقام بۆنی مەرگ ئەدا بۆنی مردوویە
چ کارێکە وا دوژمنی زۆردار لێرە کردوویە؟
ئەی شاری (سنە) شارە خۆشەکە، شاری کوردستان
بۆ وات لێ‌کرا، بۆ وێران کرای، بوویتە گۆڕستان؟
گوڵی سەیرانی «دیدگا» کان و، سەر کانی‌یە کانت؟
کوا کوڕو کچی سەرمەست و شادو رازاوەو جوانت؟
ئەو کەسەی کەوا پێتان وت سەرۆك بەهەموو دڵێ
عەجەب گڵێکی کر بە سەرتانا ئەمان چ گڵێ!!

چەشتەی ئازادی‌و ماڵی خواروی گەلی چەوساوە
چ تەڵەیێکی سەخت و خوێناویی بۆ کوردان ناوە!!
بە تەمای ڕیش بوون، کە لەم ڕیش زلە، وە دەسیان کەوێ
وتی سمێڵی هەمووتان ئەبڕم، چون ڕیشتان ئەوێ
وتی ڕزگارتان ئەکەم لەدەس گورگە، وتیان هەر بژی،
خۆی بوو بە قەساب هەمووی سەربڕی خوێنیشی مژی

بەغدا ١٩٨٠/١١/١١

# سەرگوزەشتی من و زوانی کوردی

کۆرپەو ساوا بووم و منالْ
کە دەسم کرد بە گرو گالْ
ئەوەی ئەهات بە زوانما
نەقشی ئەبەست لە گیانما

وشەی شیرینی کوردیی بوو
وتەی رەنگینی کوردیی بوو،
ئەوجا لەپاش مانگ و سالاّن
کەوتمە رێ بۆ ناو منالاّن

بە کوردیی بوو یاریو کایەم
ئەم زوانە بوو ئەصلْی مایەم
پاش ماوەیێ وابوو رێکەوت
چووینەلای مەلا بۆ مزگەوت

رۆیشتین قورئان بخوێنین
چون وای پێویس ئەکرد ئایین.
بەلاّم پاش ماوەیێ خوێندن
دیم هیچی لێ تێناگەم من

هیچ کام لەو وشە تازانە
نەم بیستبوون تا ئەو ئانە
لە مامۆستام پرسی ناچار،
ئەی ماموستای بەرزی هۆشیار!

هەرچیم پێ ئەلْیی نایزانم
لێم وون بووە رێگەی ژیانم
چۆنە لەم دەرسە تێ ناگەم؟
ئەگەر وابێ قەت پێناگەم!!

مەلا.. پاش پرسیاری وردم
بە وردی ڕووی خۆی تێکردم
وتی ئەم پرسیارەت سەیرە
ئیشاللە عاقیبەت خەیرە!
ڕاست ئەوێ ڕۆڵەی کوردم
بەم پرسیارەت دڵت بردم
چوون وە‌نەبێ ئەم زوانە
خۆیشم باش بیزانم، گیانە!
بەڵام چونکو موسوڵمانین
پێویستە ئەبێ بیزانین
چوون ڕێبەرمان عەرەب زوانە
کتێبی ئەویش قورئانە..
ئەگەر بە ڕاس موسوڵمانین
ئەگەر پەیڕەوی قورئانین
عەرەبی زانین پێویستە
هەر لە مێژەوە تا ئێستە
موسوڵمانان لە هەر کوێ بن
ئەبێ برابن نابێ جوێ بن
مێش کە زانیم ئاوایە
وەکو ڕۆڵە دەستم دایە
ئەم هێشت ببێتە دوانزە مانگ
فێربووم قورئان و نوێژو بانگ
ژینی خولەفای ڕاشیدین
ڕەوشی بەرزی تابیعین

# سەرگوزەشتی
# من و
# زوانی کوردی

هەر ئەو دەمە کردنمە بەر
پاشان لەوێ هاتمەدەر

ئەمجا لەگەڵ هاوساڵانما
لەگەڵ هاوڕێیانی ژیانما

ڕێگای مەکتەبمان دایەبەر
هەوای خوێندنمان کەوتە سەر

بۆ خوێندنی عیلمی تازە
کە ژینی ئەمڕۆ پێی نیازە،

لێرەش تا دەرسی کوردی بوو
زۆر عەرەبیو ئینگلسیی بو

ناچار، لە دەرس وێژم پرسی
کامە عەرەبیو ئینگلیسی؟

وتی عەرەب برامانن
وەك ئێمە خاوەن ئیمانن

عیراق هی هەردوو لامانە
وەك دوو لەش و یەك گیانە

ئینگلیس هەرچەن بێگانەیە
زوانیان هی ئەم زەمانەیە

زوانی عیلم و صەنعەتە
زوانی هەزاران میللەتە

کاتێ لێرە بڕۆیتە دەر
ئەوسا لێی ئەبی بەهرەوەر

ناچار ورتەم لەخۆم بڕی
چاوم بەلا کتێیا دادڕی،

# سەرگوزەشتی
# من و
# زوانی کوردی

# سەرگوزەشتی من و زوانی کوردی

کەم کەم لەوانیش فێرئەبووم
لە پۆلێ بۆ پۆلێ ئەچووم

کە لە هونەر شارەزا بووم
لە خوێندنی خۆم ڕەزا بووم

دیوانی شیعری، گەورەکان
هینی تەواوی دەورەکان

هی عەرەب و تەواو گەلان
کە بۆ گەلانیان ئەکۆشان

پەخشان و هۆنراوەی جوان
نازك خەیاڵی هۆنەران

هەستی شیعری منیان بزوان
منیش ناکا هاتمە زوان

مەدحی وڵاتی خۆمم کرد
هی لا نسارو چۆمم کرد

تەعریفی دەرو دەشتم کرد
هی وڵاتی وەك بەهەشتم کرد

تەعریفی کانیو ئاوم کرد
هی تافگەو هی شەتاوم کرد

هاوارم کرد بە دەنگی بەرز
بە هۆنراوە بە هەزار تەرز

ئەی گەلانی جیهان وەرن
مشتێ لەم خاکەی من بەرن

بزانن لەمە شیرین تر،
لەمە قەشەنگ و ڕەنگین تر

لەکوێدا خاکی‌وا هەیە
ئا ئەمە خاکی ئێمەیە!!
دەرمانی چاوی کوێرانە
لانکی جوانی دڵێرانە
لەم ماوەیەدا مێوانێك
لە فرەنسەوە بۆ سەردانێك
کە هاتبووە لادێ کەمان
بۆی باس کردم مافی ژیان
مافی گەلانی بەش خوارو
مافی گەلانی دەس براو
باسی بێشرەوتی وڵاتان
هی تەکنیك و سەنعەتی جوان
وتی ڕۆڵەی کوردی نەزان
بەڵێ هەتانە خاکی جوان
بەڵێ عیراق وەك بەهەشتە
هێی سەیران و خۆشی‌و گەشتە
بەڵام زۆرشت هەیە کەوا
ئێوە بەش خوراون لەوا
یەکەم شتیان ئازادی‌یە
کە هۆو مایەی سەربەرزی‌یە
لەپاشان عیلم و سەنعەتە
پێش خەری گەلان ئەمەتە
ئێمە کە ئاوا پێش کەوتووین
بۆلای ژووری مانگ ڕۆیشتو وین

# سەرگوزەشتی من و زوانی کوردی

# سەرگوزەشتی من و زوانی کوردی

هی فەننی پێش کەوتوومانە
هی چاوی نەنوستوومانە
پاش وتەی ئەم پیاوە ژیرە
منیش کەوتمە سەر ئەم بیرە
تا ئازادی گرمە کۆشم
هەربۆ ئازادی تێ‌کۆشم
پاشان دەسم دایە قەڵەم
تا تێکۆشانم دەس پێ‌کەم
ویستم هەستی گەرمی دڵم
بە هۆنراوەی زۆر بەکوڵم
دەربرم بۆ، براکانم
بۆ هەموو ڕۆڵەی نیشتمانم
سبەیا ئاسۆ ڕۆشن بوو
چووم بۆ مەکتەب بەر لە هەموو
هەستی دەروونی پڕ گڕم
بۆ هەوالآنم دەربڕم
بڵێم بە مامۆستاو شاگرد
وەرن تێکۆشن دەسوبرد
بۆ ئازادی، بۆ پێش کەوتن
خەباتێکی جوان، نەسرەوتن
کە وتم ئەوەی وا لە دڵما
دیم هەموویان واقیان وڕ ما
تایبەت مامۆستای دنیا دیو
لە دەس جەوری ڕۆژگار تەزیو

# سەرگوزەشتی من و زوانی کوردی

وتی . . نا . . ڕۆڵەی تێکۆشەر
ئەم ڕێ سەختە مەیدەرە بەر
چون تۆ هێمان گەلێ لاوی
کوورەی زەمان . . گڕو تاوی
نەیداوە لە دەست و قەڵەمت
مشتی نەداوە لە دەمت
باسی سەربەستیو ئازادی
ئاواتی سەربەرزیو شادی
مافی نووسین بە زمانی خۆت
یان پێش خستنی ژیانی خۆت
نەدراوە بە تۆو گەلی تۆ
لەدەس دەرچووە هەلی تۆ
وتم . . سەرچاوەی باوڕم
هی ئاگرو تین و گڕم ،
شیعری برا عەرەبەکانە
ئەمە ، ئاواتی ئەوانە
پاش خوێندنەوەی شیعری ئەوان
منیش ئاوا هاتوومە زوان . .
سەرمەشقی ئەم کارەم وانن
بۆمن نموونەی ژیانن .
هەموویان ئازادی خوازن
هەموویان ڕۆڵەی گیان بازن
ماموستا وتی ئەزانم
ڕۆڵەی خۆشەویستم ، گیانم

# سەرگوزەشتی من و زوانی کوردی

بەڵام هێزی داگیرکەران
فەرقی ناخەن ئێمەو ئەوان
مافیان هەر بۆ خۆیان ئەوێ
ئێمەو ئەویان بیرناکەوێ
ڕێ لە هەردوو لامان ئەگرن
لاپەڕەی مافمان ئەدڕن
وتم ماموستای هۆشیارم
ڕێ پیشاندەری بەکارم
بە جۆرێ کەوا بیستوومە
لەناوی کتێبا خوێندوومە
خاکی کورد بەش بەش کراوە
هەر بەشەی بە کەسێ دراوە
من لە عیراق ئەر زەبونم
پڕ لە تاسەیە دەروونم
ئیستیعمار لێرە بەکارە
لە هەموولا جێ پێی دیارە
ئەڕۆم بۆ لای ئەو براکان
کە وان لە تورکی‌یەو ئێران
باش ئەیخەمە کار پێنووسم
دەردی گەلەکەم ئەنووسم
بە هۆنراوەو پەخشانی جوان
پڕی ئەکەم لاپەڕەکان
بە زوانی شیرینی کوردی
شیعر ئەنووسم بە وردی

# سەرگوزەشتی من و زوانی کوردی

داوای مافی ئێوەش ئەکەم
هەمووتان خاوەن بەش ئەکەم

ئوستاد کە زانیی مەبەستم
هەستاوە هاتە لای دەستم

گوتی مادام لێبڕاوی
ئەوەندە مەردیو پیاوی

با باشتر ڕوونت کەمەوە
لە هەڵە دورت خەمەوە

وەزعی عیراق ئیستە وایە
بۆ کوردو عەرەب بەڵایە

تورکیش گوایا دیموکراتن
گوایا نموونەی ڕۆژهەڵاتن

ساڵەهای ساڵ بەشیان بردین
لە بەشان بێبەشیان کردین

بە کورد ئەڵێن تورکی کێویی
کورد کێوییەو تورکە خێوی

هەر کەس بەرگی کوردیی پۆشی
یان بۆ مافی خۆی تێکۆشی

زیندان و پەت و قەنارە
وەڵامێکە بۆ ئەم کارە

ئەم عیراقە بەپێی ئەوان
بەهەشتە بۆ گەلی کوردان

عیراق پێی خۆشە برابین
ئەڵێن یەك بین نابێ جیابین

# سەرگوزەشتی من و زوانی کوردی

بەڵام تورك ئەڵێن کورد نی‌یە
ماف و زمانی کوردی چی‌یە؟
کەوابوو برۆ بۆ ئێران
برۆ بۆ لای دۆس و خزمان
پاشان ناوی خوام لێ‌برد
خۆم کۆکردەوە دەستوبرد
هاتم بۆ ناوی خزمانم
بۆ ناو گەلی هاوزمانم
وەکو کەسێ زۆر برسی بێ
لەگەڵ ئەوەی، گەیشتمە جێ
گورج دەسم دایە پێنوسم
کە دەردی دڵم بنووسم
نووسیم ئەوەی کە ئەم زانی
نووسیم ئەوەی کە ئەم توانی
لە مافی خوراوی گەلەکەم
لە بەشی براوی گەلەکەم
باسی ڕەش و ڕووتانی کورد
هی کوشتن و فەوتانی کورد
هاوارم کرد بۆ یەك گرتن
بۆ تێکۆشان هەتا مردن
چەن لاپەڕەم ڕەش کردەوە
گرەوم لە فەرهاد بردەوە
ڕۆژێ دۆستێکی ئیرانم
کە خۆشم ئەویست وەك گیانم

# سەرگوزەشتی من و زوانی کوردی

هاتبوو سەرێکم لێ بدات
دەردی دڵێکم لا بکات
کە سەیری کرد سەر جەنجاڵم
پڕی لە کاغەزە پاڵم
خەریك نووسینم بە گەرمی
پرسیاری لێم کرد بە نەرمی
مەشغوڵی چێت وا بە پەرۆش
دۆس و برات نایێتە هۆش؟
سەرگوزەشتم گێڕایەوە
لە بناغەو سەرە تایەوە
وتم ئیستاکەش ئەمەوێ
تا بۆم بکرێ بۆم ڕێ‌کەوێ
کەڵك وەرگرم لەم هەلە
خزمەتێ بکەم بەم گەلە
ئەویش بە سەرسوڕمانەوە
بە دەرونی پڕ ژانەوە
وتی برام تکا ئەکەم
تۆم خۆش ئەوێ ڕجا ئەکەم
خۆت توشی دەردی‌سەر مەکە
خێزانت دەربەدەر مەکە
ئەڵێن کە کوردو فارس بران!
هەردوو نەتەوەی ئاریان!!
بەڵام ئەمە هەر بە دەمە
بەشی ئیمەی کورد هەر خەمە

# سەرگوزەشتی من و زوانی کوردی

زمانی ڕەسمی فارسی‌یە
زمانی کوردی مافی نی‌یە
هەر کەس وا بە کوردی نووسی
ڕەشی‌کردووە چارەنووسی
تۆش مەدەرە بەرەو ژوورەو
ڕێگاییکی سەخت و دوورە
ئامۆژگاریی ئەم هاوڕێیە
ئەم وتە ڕاست و بەجێیە
ئەژنۆی ئومیدی شکاندم
پشتی ئاواتی پساندم
خوایە! ئەمجا بۆ کوێ بڕۆم!
خوایە! خۆ منیش بەندەی تۆم!
بۆچی بەکوردبوون تاوانە؟
بۆچی قاچاخە ئەم زوانە؟
خۆ من خۆمم خەلق نەکرد
تۆ خۆت خەلقت کردم بە کورد
من ئەمەوێ هەستی دەروون
یان باسی بێ دادیی گەردوون
باسی جوانیی ولاتەکەم
بەش خواراویی ڕۆژهەلاتەکەم
بە زوانی خۆم بەیانی کەم
پێش کەش بە هاوزمانی کەم
بە کوردی بنووسم و بۆ کورد
بلێم چ بکەین و چیمان کرد؟

# سەرگوزەشتی من و زوانی کوردی

بۆ ئەبێ دەسم بشکێنن؟
پێنووسم لە دەس بسێنن؟
بڵێین ئەبێ بە زوانێ تر
بەزوانێ هی گەلانێ‌تر
هەستی دەروونت دەربخەی
پەنا بۆ ئەم و ئەو ببەی!
من کەی ئەتوانم ئەم هەستەم
ئا ئەم گۆرانیو هەڵبەستەم
وەك کوردی، وا پاك و ڕۆشن
ئاوا سادەو بێ للك و بن
لە زوانەوە بۆ سەر دەفتەر
خێرا بە جوانی بێتە بەر
وشەی ناسك و تەڕو کاڵ
هەروەك پەڕەی گوڵ، سوورو ئاڵ
بیخەمە ناو پەڕەی پەڕاو
وا، تەرچك و گەرم و تێراو
ئەمجاریش تاسم بردەوە
پێنووسەکەم هەڵ گرتەوە
نووسینم فائدەی چی‌یە؟
کە جێی هەست دەربڕین نی‌یە؟
ماوەیێك ئاوا مامەوە
نەچوومە لای نامەو خامەوە
ڕۆژێ وا دیم گەلی ئێران
هەر لە تاران تا کوردستان

# سەرگوزەشتی
# من و
# زوانی کوردی

لەناو شارو گوندو دێ دا
لە هەموو شوێن و گشت جێدا

فەریادی ئازادی‌یان بەرزە
شیعاری گەل هەزار تەرزە

بژی‌و بڕووخێ‌و دەنگی گەل
هەروەك هاژەی لافاوی گەل

دائەڕژێتە کووچەو بازاڕ،
خۆپیشاندەر هەزار، هەزار

لەناو گەلانی ئێرانا..
لە هاواری پیرو جوانا

باسی مافی کورد بڵندە
شیعارێکی زۆر پەسەندە

مافی زوان و خۆ موختاریی
بوەتە ویردی کوردەواریی

ئەڵێن گەورەکانی ئێران
گوایا ماف ئەدەن بە کوردان!

دانیان بەم مافە داناوە
ئەڵێن مافێکی تەواوە،

کوردیش وەك ئێمە وەهایە
کوردیش بۆ ئێمە برایە

ئەر زوانی فارسی ڕەسمی‌یە
بۆ ئەو کەسەی ئێرانی‌یە

زوانی کوردیش، زوانە
گەلێکن، کوردیی زوانیانە

# سەرگوزەشتی من و زوانی کوردی

بۆیە ئەمرۆ من وا شادم
چونکە هەست ئەکەم ئازادم
منیش وەك شاعیری گەلان
کە دەرئەبڕن هەستی خۆیان
هەستی دەروونی بە کوڵم
ئاوات و ئارەزووی دڵم
بە زوانی شیرینی، کوردان
بە بێ ترسی بەندو زیندان
بۆ ڕۆڵەی گەلم ئەنووسم
ئیتر نایشکێنن پێنووسم

## پاش سالێ

بەڵام پاش سالێ لەم کاتە
هەم برایەوە ئەم خەڵاتە
بوو بە خەڵاتی حەمە زەمان [١]
دووبارە سنرایەوە لێیان

(١) ئەڵێن حەمە زەمان بەگێ بوە هەرچی خەڵاتی بدایێ بە کەس و کاری یان بە پیاوو خزمەت کاری. پاش ماوەێی ئەینارد لێیان ئەسەندەوە گوایا چۆخەو ڕانکی وای بووە دراوە بە چوار پێنج کەس و لێیان سنراوەتەوە.

# سەرگوزەشتی من و زوانی کوردی

کاشکی هەر ئەوە بوایی
هەر ئەو ستەمە بکرایی
بەڵام زیندان و قەنارە
کوژران بە توپ و تەیارە
نەبوایێتە بەشی کوردان
نەکرایینە لانەی دەردان
لە کرماشان، سنەو پاوە
صەدان کورد لە دار دراوە
خاڵ خاڵی، ڕۆشتە مەریوان
مەرگی بە دیاری برد بۆیان
لە مەهاباد، سەقز بانە
کورد قڕانە!! کورد قڕانە!
ئەوەی ئاخوند کردی بە کورد
قەت شمر بە حسێنی نەکرد
جا، کەزانیم ئاوای لێهات
ئاوا، بوویە ئاگر، وڵات.
کۆڵ و بارم پێچایەوە
ئاوڕیشم نەدایەوە
نەم نایە ژێری خۆم دوو لاق
تا خۆم گەیاندەوە عیراق
هاتمەوە، بۆ (بیارەی) خۆمان
بۆ داوێنی گەرمی نیشتمان
دیم کەوا وڵات گۆڕاوە
مافی زۆر بە کورد دراوە

خۆموختاری‌یان پێ‌دراوە
مافی ئەم گەلە ناسراوە
مافی .نووسین بە زمانی خۆی
هی چارەنووسی ژیانی خۆی
بە تەمای ئایندەی باشترم
بە تەمای ژیانی خۆشترم
ساخوایە بیکەیتە بەشمان
گەشتری کەی ئاسۆی گەشمان

سەرەتای نووسین نەورۆزی ١٩٧٩
پایانی نووسین ١٩٧٩/٩/٩

# سەرگوزەشتی من و زوانی کوردی

# بەشی هەورامی

## پیرم شیم کەوە

پیرم دەس گیرم قیبلەی یەقینم
طەبیبی زامان سەختی دێرینم
فێنکی دەروونی پڕ لە شەرارەم
ئامری دڵەی شێتو پەتیارەم
خەوم خۆراکم مەرامو نیازم
ئاواتی دڵی ویڵو بێ نیازم
ژیانم ژینم بینایی چاوم
خەتەرەو خەیاڵ بێداریو خاوم
گریانم شینم شەوقو پێکەنین
تاقە چراوەکەم نە ڕووی سەرزەمین
شیفای بیماریم دەرمانی زامم
ئوستادی دڵەی خامو ناکامم
دادمەن بێداد هاوارەن هاوار
سا یاوە فریام پەشێوم یەکجار
حەزینو دڵ تەنگ خەیاڵ پەژارەم
غەرقو نوقمی‌ناو گڵپەو شەرارەم
خەیاڵم پەرتەن هۆشم بێ‌هۆشەن
نەزووانم زووانەن نەگۆشم گۆشەن
چەمم نابینا زرانیم ناتەوان
زووانم لاڵەن قسەم نارەوان

دڵم ئێڵ بیەن مەزانو چێگۆن
مەزانو لانەش نەکام هەردوگۆن
وەحضوری وێت وەدیدەن ئامان
یاخو وێڵ بیەن بیٚ‌سەرو سامان
قوربان قوربانەن ئەر ئامان وەلات
دەسم وەدامان وێش وستەن پەنات
نمازە بیوە باهەر نەو جابۆ
ئەسای ئەوشادار نەوجاو پەنابۆ
جە خەستەخانەی راگەی حەقیقەت
دەواو دەرمانش مەعنای تەریقەت
دەرمانش کەری بەش نەجاتش بۆ
بەڵ جە ئیسەولای نورەی هاتش بۆ
حەیفەن تۆ طەبیب پەرێ عالەم بای
زانا وەئاهو حاڵو نالەم بای
قبوڵش کەری حاڵم بەدحاڵ بۆ
دیمەنم زەردو دڵم زوخاڵ بۆ
دەماخم وشکو فکرم عەواڵ بۆ
دایم گیرۆدەی هەواو خەیاڵ بۆ
قوربان نەیاوی وە فریای «ئەمین»
ڕووسیای ئاخرەن ڕوو زەردی زەمین

بیارە - ١٩٥٢

# دوا کۆچی لەیل

لەیلێ تۆ مەردی مەجنوون مەندەوە
فەڵەك هەقی کێش جە تۆ سەندەوە

بێ وەفا مەجنوون چی مەلی وەکۆش
وێت حەوجار گێڵنی نەدەوری گڵ کۆش

چوون هەتاسەروی باڵاش مەرمانێ
جگە تۆ کەسش جە لا نەرمانێ

هەر خزمەتێت کەرد جە لاش دیاربێ
بەڕاسی لەیلێ‌و تۆ وەفادار بێ

جا ئیسە بێ‌ناز هانەتۆی گڵ دا
گلەیی کەرۆ نەگەڵی دڵ دا

مەواچۆ ئەی دڵ چن ڕەنجم کێشا
جارێ نەواتت ئی ڕەنجە چێشا

چی پاسە کەریی دنیا فانی‌یا
بزانە فەڵەك، وەفادار نی‌یا

هەتا کۆچم کەرد جە لای یارانم
خوا حافیزم کەرد جە دییارانم

کۆن زەوق و شەوقم کۆن وەهارانم
هەرداو هەر کەردەو گەشتەی شارانم

کۆن گەشتی گوڵ زار تافگەو شەتاوم
کۆن لارو لەنجەو ئەگریجەی خاوم

گوڵیچ وێنەو من دەردش گرانەن
ڕەنجیش بێ گەنجەن یانەش وێرانەن

هەر گوڵەن چون من وێش مەڕازنۆ
پەی شەوقی بوڵ بوڵ ذەوق مەسازنۆ

ئادیچ وێنەو من وێش کۆچ مەکەرۆ
ئاواتو دڵیش وە توی گڵ بەرۆ

بیارە ١٩٤٨

# خامه

خامه پەی نامە جۆشان خرۆشان
پەرێ بارەگای شای دەرون ڕێشان
پاسە دیارەن دوربای بێ مەیلەن
چێشەن خاترش جە ئێمە کەیلەن؟
من بارو سەربار مەینەتم بارەن
خارام جخارەن خانەم جەخارەن،
ئیتر تەوانای مەینەتم نیەن
وێم جە یاد شیەن تۆم یاد نەشیەن
وێم نەمەندەنان ئەرمەندەبۆم تۆن
ئەی قوربان ساتۆ مەیلەکەت چکۆن

درزلی ٣/١٠/١٩٦٣

# تاڵەم

من جە تاڵەو وێم سەرسامم ئارۆ
مۆرە مەشانو هەر دوشش مارۆ
چێشەن ئەی دڵە وەشیت کەی دیەن
پاسە پیمانەت ئارۆکەیل بیەن
لوت نیای وە لوت داڵانیەوە
هەسارەی مریخ پیشانیەوە
چێشەن وەفەڵەك وەڵەك مەواچی
چەنی جەسەی ڕێش تۆچی مەساچی
یان جامەی یوسف پەی دیدەت ئامان
سارێشش کەردەن زوخاوی زامان
نامەی تۆن قوربان فیدای نامەت بوو
فیدای کاغەزو دەس و خامەت بوو
فێدای ساتێ بوو کە فێدات مەبوو
گیانم بەی چێشی چی فیدات نەبوو

# حەردی دووریی

یا هەوار بلوو وە هەردوو کۆوە
دڵێم هەر ئیناوە شۆنۆ تۆوە
وە تاقی تەنیا توونای هەواران
دوور جە دیداری خۆیشان و یاران
نەتۆتۆی دەروون خەمم شاراوە
نەدات وە لاما نەدات وە لاوە
هەتا بوینی زووخاوی دەروون
سەرەت سڕ مەنۆ چەنی بەر بەروون
تەوانای کێ هەن ئی بارە بەرۆ
مەروێش وە کەرەم جەزاما دەرۆ
هانام هەر وە تۆن هانا براڵە
پەرێ ڕزگاری گێری گراڵە
بەڵ گێری دامان خاسانی قەدیم
بوەرینە حاجەت حەریفو نەدیم
گرد وە یەك زوان وە یەك دەنگ یەك دڵ
دەروونی گەردوون باوەردێ وە کوڵ
صەداو ناڵەتا یاوۆ وە فەڵەك
وەعەرشو کورسیو ئەرواحو مەڵەك
تاکەی زام زەدەی دەسی گەردوون باین
تاکەی ئالودەی ئایرو هوون باین

تاکەی دەربەدەر غەریبی شاران
تاکەی مەحرورومی دیداری یاران
تاکەی بادەما هوناوی دڵ بۆ
نەباتی نەمام گوڵ نە تۆی گڵ بۆ
تاکەی لەت لەت و بەش بەش کریا باین
تاکەی لارەمل هەربەش وریا باین
نیمێما سەی بۆ نیمێ وەرەتاو
نیمێما ئاویر نیمێوەتەر ئاو
کاکە من ئەو تۆ تۆ ئەو ئەولیا
وەلی‌و خوواناسان چەنی ئەنبیا
هانا وە قاپی «رب العالمین»
وە دێدەی نیمن وە دڵی حەزین
بەڵکیم فەریادڕەس دەلیل ڕەسانۆ
وەکامی دەروون هەقما بسانۆ

دزڵی ۲۲/٦/۹٦۳/

# نامەی ئایرین

نامەی ئایرین جگەر گۆشەو وێم
شەماڵ کەرەم کەرد ئاوەردش پەرێم
وازم کەرد، وەندم هەی وەندم وەندم
هێند وەندم هەتا ڕیشەی دڵ کەندم
سەرەتاپام سۆچاو گریاو تاویاوە
هێند باس و ئاهو دەردیم واناوە
هێند باس و جەورو کەچ گەردیش کەردەن
خەبلێ ئاسانەن، جەلاومن، مەردەن
جە دەس و جەوریت چێش واچون گەردون
وەلاوکێ بەرون دەرونی پڕهون
من وێم بیەنان بار نەڕوی جەستە
کەوتەنان، پەشێو، دەردەدار، خەستە
تۆیچ ها باریۆتەر جەنۆ ئاوەردی
سەربارو گردین مەینەتان کەردی
من ئەر بکێشو جەورو گوناو وێم
ئارێ هەقتەن هێم کەمەن پەرێم
بەڵام، ئاد نەوگوڵ باخو جوانین
تازە ڕاویەر ڕاو زیندەگانیان
هێمان ئاینەش پاك و بێ گەردەن
پاش نەڕای هەڵەت گەردون نەبەردەن

هێمان ئایرو تەوەن تاوو تۆ
ڤاڵش نەکەردەن بریژ یۆ وسۆچو
هەڵای کزەکەو کۆ چو ئازیزا
زوقمو خەزانو فەصلو پاییزا
تاوو تەوەرگو فەصلو وەهارا
دووری‌و کەم شەرتی‌ی خێڵو نازارا
نەشێونان قامەت سەروی شیرینش
هۆر نەقرچنان مینای جەبینش
چی‌پاسە تۆ گورج وەبێ پرسوجۆ
کەردت وەلانەو خەما؟ وای جەتۆ!!
ئاد چکۆ خەم و خەفەتان وەردەن؟
ئاد چکۆو حەسەرەت وەدەرون بەردەن؟
فەلەك دەك ئەتویچ دەردت گران بۆ
رەنگ پروزقیابێ یانەت وێران بۆ
تۆیچ پێسەو من و جگەرگۆشەو من
دڵ پەرێشان بی ئازات بۆ کون کون

بەغدا ١٩٨١

# کۆچ

مەیمێ خزمەتتا کوڵ وە خەمەوە
تەن وە زامەوە ئاھ وە دەمەوە
وە ڕەنگی زەردی دەردی ھیجرانان
کۆچەڵ کۆچ کەردەی دێهات و شاران
وە دیدەی نمین شیوەنی یاران
ناڵەی زاماران ژێر بۆمبا باران
وە ئاھو حەسرەت تاڵانی ماڵان
ڕەنج وەباد دریای مانگان وساڵان
وەی حاڵ و ناڵەو زام ودەردەوە
وەی خەم و حەسرەت ئاھی سەردەوە
ڕوومانیاوە ڕووی مەنزڵکەو خاسا
پەناو زامارا پەناو خواناسا
بەڵ جە یادِ بشۆ ئاخ و دەردما
سوور بۆوە جە نۆ ڕەنگی زەردما
خوا تۆ بازۆ پەی دەواو دەردا
پەی پەناداری خێڵ و ڕەنگ زەردا
ھەتا تۆما بۆ ھەر شادیمانە
ھەر جەژن و وەشیو ئازادیمانە

دزلی ٢٠/١٠/١٩٦٣

# پەشیمانی

قوربان بە یانەن عەرضەن ئاواتەن
خاهی نە خاهی دڵم جە لاتەن

دڵ تەختەی سەر ئاو چ ئاو تۆفانێ
لێڵاوێ گێچێ نەفسێ شەیتانێ

مەوجو شەپۆلی شەك كو تەردیدم
زەل زەلەی خەیاڵ نەفسی عەنیدم

جەدەس سیاوای عوسیانی دەروون
دڵ چون پەڵاشەن من وە كۆش بەروون

نە وێم تەواناى بەندی دڵم هەن
نە تویچ وە مەیل و وێت كەریش پاوەن

نەفسم ئی هەواو ئی هەوەسش بۆ
ئینە زۆرداری‌و ئینەیچ دەسش بۆ

شەیتان وەی جۆرە نە كەمینم بۆ
ئەسڵی مەرامش فەنای دینم بۆ

عومرم ڕۆ بە ڕۆ ڕوو جە كەمیش بۆ
وادەی تۆشەی ڕای دەوڵەت زیادیش بۆ

چارەی من چێشەن قوربان قوربانەن
وە فریام یاوە دێرەن ئامانەن

من وێم تەسلیم کەرد یە دڵ یە جەستە
یە نەفسی بیمار یە لاشەی خەستە

یە دین یە دنیام یە فام یە هۆشم
شەرتەن کاڵاکەی مەیلت بپۆشم

هەر وەو کاڵاوە گیان تەسلیم کەرو
چەنی وێم مەیلت وە مەحشەر بەرو

گەر کەریم قبوڵ ئارەزووی وێتەن
وەر بەم کەری سەرەم نەڕێتەن

دووڕۆ ١٩٦٤/١٠/١٢

# سەرگەردانی

هەر من سەرگەردان هەردو بەردو کۆ
هەر من ماڵ وێران کەم مەیلیەکەی تۆ
هەر من بێ دڵسۆز بی غەمخوار بێکەس
هەر من لە بازار تەوحیدا بێ دەس
هەر منم وێڵ وێڵ بێ هەدەف بێکار
هەر من بێ تۆشەی کەرەم خانەی یار

هەر من طالبی بێ ئوستاەدنا
هەر من بێ تەقواو بە بێ زادەنا
کەس وێش مەکەرۆ وە خاوەن ومن
ئینەچ تەوقین کریا مەگەردن
هەرمن مەحرومو سفرەو خوانوتو
هەرمن نەواردم جارێو نانو تۆ
من تۆم کەرد وە کەس وە باوانی وێم
دەلیلی چارەی ڕای نادانیی وێم
تۆم نیای وە جای پیری بێ نەزیر
ئاد لوا من تۆم کەردی وە دەس گیر
ئێشان ئیمەشان وە تۆ سپەردی
مەزاتۆ ئێمەت چی جەیاد بەردی
تا کەی سەرگەردان چۆڵی تەردید بام
تا کەی نەنۆشای بادەی تەوحید بام

تا کەی راس و چەپ نەزانو کاما
تا کەی تۆ جاریۆ و نمەی وە لاما
تا کەی سەر مەدەی جە وێرانەکەم
تا کەی گۆش مەدەی وە بەیانەکەم
تا کەی دڵ وێران وێنەی زوخاڵ بۆ
تا کەی سەرگەردان وێڵ و عەواڵ بۆ
تا کەی راسوو وێت مەاوچی وەمن
ها داری سەبرم هۆرکنیا نەبن
قوربان تۆ زاتی خەللاقی ئەعظمەم
قەسەت مەدەو وە فەخری عالەم
وە گشت ئەنبیاو ئەولیا یەکسەر
وە ئال و ئەصحاب رەسوولی سەروەر
وە زامی پڕ سۆز حسەینی شەهید
وە بەرقی شمشێر خالیدی وەلید
وە غەوسی ئەعظەم، شاهی نەقشبەند
وە تەمام پیران تەریقەت سەوگەند
بە سراج الدین پیری هەورامان
بە بهاءالدین شابازی عیرفان
بە ضیاءالدین پیری تەریقەت
خزمت گوزاری عیلم و شەریعەت
بە شیخ نجم الدین مورشیدی مەتین
بە قوطبی زەمان بە علاءالدین
گەر تۆ راس راگەی حەقیقەت زانی
حەقیقەتیوە وە من برمانی

پێم نیشان بدەر ڕای قوربو وەصاڵ
ڕاگەی حەقیقەت جە ماڵو کەماڵ
چێشەن ئادابی عەبدیو یەزدانی
کامەن ڕاگەی ڕاس نورو ئیمانی
ئێندە گوناهان نە جەستەم بارەن
نەفس و ڕوح و دڵ گردش بیمارەن
چەنی کاری بۆ خوا بەخشونەم
تۆبە جە گوناه تازانو کۆنەم
ئەر خوانەخواسە ڕاگە مەزانی
یا من لایقی ئاگە مەزانی
ڕاس پەنەم واچە تەدبیرم چێشەن
کێ قابیل تیمار دەروونی ڕێشەن
من ویم خاس زانو گونا بارەنا
پوکای مەحرووِمی لوطفی یارەنا
بەلام کەرەمی کەریم زیادەن
مێنج هەر پەنام وە لوتفی ئادەن
کاکەگیان قوربان تەمای جووابم
دەروون پڕ جە زام جگەر کەبابم

دووڕۆ ١٩٦٦

# شکاری کۆساڵان

ئازیزم نامەی دۆسانەت یاوا
ژەنگو قەتماخەی دەروونیش ناوا
چونکی نامێ وەت جە من بەردەبی
یادو دێدارو ئێمەت کەردەبێ
دیارەن دۆسیت زوانی نیەن
هەر مەیلو موبەت پەنهانیت بیەن
صەدای من بەین بەین گەر بێ وە گۆشت
زاخاوێ بدۆ جە تەلاّی هۆشت
هەر خاسەن ئانەیچ نیمە وەصلێ وەن
جە ساڵی دێدار ئادیچ فەسڵێوەن
بەلاّم وای پەی من تۆ دەنگت نیەن
نەڕەنگو نە دەنگ گردیش گوم بیەن
نە دەنگو نە ڕەنگ نە نام نیشانێ
نە دەوای زامێ نە شەوقی گیانێ
ئازیزم باسی وەهارت کەردەن
تاریفی فەسڵی شکارت کەردەن
باسی کۆساڵان مرۆ دۆڵت کەرد
یان محمود ئاواو ماوای چۆڵت کەرد
باسی چنوورو شەوبۆت کەردەبێ
باسی ژەرەژان ئەوکۆت کەردەبێ

باسی شەڕەبەق چیل کرت کەردەن ٠
دات وەدەماخا پروزەی مەردەن،
تازە من چکۆو کۆسالان چکۆ
تازە من چکۆو خاڵ خالان چکۆ
هاڕەو وەرواوا دەوڵەت زیادیی
منو حەسرەتان من نامرادیی
من سەرگەردانی کووچەی شارانم
دوور جە دیاران دوور جە یارانم
دوور جە پیقەی کەڵ کەڵەڕەمانم
دوور جە کۆسالان جە هەورامانم
دوور جە سیرەمەر دوور جە سەرنەهاڵ
جە کورە میانەو بۆوەشە نە هاڵ
کۆن خارەگاڵێ فەسڵی وەهاران
یاگەی شەڕەبەق نیشنگەی یاران
شکاری سورن یاخۆ عەوالان
خوێ سمڵیو وەزەن هەتا دووالان
گرد پەی من تازە وێنەو خاوێ وەن
یادگارێ وەن تازە نامێوەن

کرماشان ١٩٦٧

# بای بێ ماوا

ئەی وای بێ ماوا ئەی وای بێ ماوا
وە خێر بەی ئامای وە ئەحمەد ئاوا
خەبەری ئازیز ئاوەردی پەرێم
چەنی بێ زانات تۆ وە ماواو جێم
چون خۆ من یانەو ماوام نەمەندەن
ددانی یاگەو مەنزلم کەندەن
بەڵام ئەی شەماڵ بێ ماواو مەسکەن
بێ یاگەو جاگە بێ ماڵ بێ وەتەن
کەی بۆ ڕووبنیەی هەم ڕوەو یارم
بیاونی وە لاش شکاتو زارم
بواچە ئازیز گیانی شیرینم
جە گیان شیرین تەر سەرمایەی ژینم
وە گیانت قەسەم خەیلێ پەشێوم
یاخوا نەوینی باری سەر لێوم
قەسەم وە دووری دیداری یارم
قەسەم وە گڵپەی دەروونی زارم
هێندە پەشێوی دەسی فیراقم
وە مەردەن خەیلێ خەیلێ موشتاقم
خۆ تۆ دیارەن شوکور شادیتەن
ئیسەوەن خەمی ڕۆی ئازادیتەن
شوکور زانانت جەژن نزیکەن
چوون یارت دوورەن جەژنت تاریکەن

خۆ من تانیگای نامەت نەکەردم
خەیاڵی جەژن وە دڵ ناوەردم
هەر نە زانانم ئی جەژنە کەی بۆ
گردەن ئازادیو ئوخەی ئوخەی بۆ
چون تەنم دوورەن جە عەقڵو فامم
وە کام کەی یاوان دڵەی ناکامم
من بنەك داری دەردو ئێشو ڕێش
تۆخوا ئازیزم جەژن وە من چێش
چوون ئینە جەژنی ڕۆچەوانانەن
کەی جەژنی دینی ڕووی ئازیزانەن
خۆ من خەیلێوەن ڕەمزانمەن
ڕۆچەی دێداری ئازیزانمەن
عەقڵو فامو هۆش وە تالانمەن
دووری دیداری ثابت گیانمەن،
دیدەم وە خالیق جەمعی مەخلوقات
ساتیۆەن جەژنم بنیشو جەلات
جا ئەوسان وە کام یاوان دەروونم
جەژنو شادیشەن جەستەی زەبوونم
جا ئانە جەژنەن جەژنی صەد جارەن
جەژنی دیدەنی دێداری یارەن
جەژنەوئی خەڵقیەوە خەلق موبارەك
پەی جەژنەو وێمال دەیمێ تەدارەك
جا شەماڵ ئەوسا وە خواش بسپارە
زوو زوو هەواڵش بەرێ من بارە

ئەحمەد ئاوا ١٩٥٥/٥/١٧

# چەژنی دوور وڵات

مەواچان جەژنەن، وەشین شادی‌یەن
وادەی سەیرانەن ڕۆی ئازادی‌یەن
فەسڵی وەهارەن خەیمەی گوڵانەن
ئێلاخان خاڵ خاڵ، ڕۆی بوڵ بوڵانەن
هارەی شەتاوەن نە پای کۆسارا
زایڵە کەوتەن کۆ نەهەوارا
پۆل پۆل نازاران ملان وە کۆسار
هەم سەیرانی گوڵ هەم دیدەنی یار
ئانە تۆ چێشەن چی خەمگینەنی؟
چی کزت کەردەن چێشا چینەنی؟
واتم مەزانو من چی شادیم بۆ
کە ئارۆ ئەوجی ناموارديم بۆ
چەنی کێ گەردەن ئازادی کەرو
داخانی دەروون وەلاو کێ بەرو
کێ پەنەم واچۆ جەژنت موبارەك
دیوانم پەی کێ بدەو تەدارەك
چەنی کێ بلوو ئێساڵ وە کۆسار
بێ دۆسو هام دەم بێ یاوەر بێ‌یار
چەنی کێ گێڵو نە پاو خاڵ خاڵا
چەنی کێ گێرو دەسەو گوڵاڵا

پەی کێ هۆرمجو زوخاوو دڵا
چەنی کێ کەرو سەیرانو گوڵا
من دوور جە وڵات جە ماواو مەسکەن
دوور جە ئازیزان جە خاکی وەتەن
دوور جە بیارێ دوور جە ئالیاوا
دوور جە تافی زەڵم جە ئەحمەد ئاوا
دوور جە ڕەنگین و دوور جە شارەزوور
جە قەومو خوێشان جە هامسایان دوور
دوور جە تەوێڵێ چهان بەهەشتەن
باخەن شەتاوەن گوڵزارەن گەشتەن
جە سلێمانی دوور شارو نازارا
مەنزڵگەو مەردا نشینگەو یارا
ئیسە چۆڵ و هۆڵ من و ئاسیاوێ
وە تاقە یانە چۆڵێ خەراوێ
بێ باخ بێ بازار بێ یار بێ یاوەر
کامە بۆ جەژنم تۆ کەروو داوەر

٢٠/٤/١٩٦٤ مەحمود ئاوای دووڕۆ

# هەوری مەینەت

هەورەکەی مەینەت دیسان کەردەوە
تاوو تەوەرگش هەم ئاوەردەوە
بریقەی چەخماخان گرمەی هەوری تاڵ
نە جە دەشت بیەن نە وەهەردەوە
وای یەزیدی مەرگ پەی کشتی عومرم
مەیۆ پەیاپەی وە تەوەرگەوە
مەرێزنۆ وە سەر کشتی هاتم دا
نەهاتیو مەینەت وەدەم دەردەوە
چ خەتاییم کەرد یا کام گوناهم
فەڵەك هەقو کێت جە من کەردەوە؟
باخی چەن ساڵەی عومرو ئیقباڵم
کشتی چەن وەختەی هۆشو خەیاڵم
بینای بەرزی فام مەعدەنی عەقڵم
گردش وێران کەرد هاوار وە ماڵم
چەندین دنیام گرت وەسوپای خەیاڵ
ئەسکەندەر یاوا پەی دارای حاڵم
چ نادانیێ کام ڕای لارم گرت
فەڵەك هەقو کێت جە من کەردەوە؟

١٩٥٠ - بیارە

# گەشتێک لەناو باخ و گوڵاندا

ئارۆ شیم وە باخ وە ناو گوڵاندا
گوڵ ئاوێزان بێ وە ڕووی تەڵاندا
گوڵ نە سەرتەڵان نە سەر تەڵاندا
کاری بێ زامش نە ئازای گیاندا
گوڵ وستەوە یاد ئەندامی گوڵش
ڕۆح و دڵ ئارۆ بیەن خجڵش
وەردەکەی مەینەت ورد ورد کێڵیاوە
تاڵی ریشەی دڵ تەڵ تەڵ بریاوە
تاڵی مەینەتەن زیبەندەی تاڵەن
تا لێم مەبۆوە دنیام بە تاڵەن
دڵپەی گوڵ نەگڵ تەپاوەتلەن
گلێنەی دیدەم پەرێش نە گلەن
پەرێش ڕێش بیەن ڕیشەی جەرگو دڵ
پەریش کەردەن پەست چەنی پەڕەی گوڵ
پەروازش کەردەن پەروانەی هۆشم
بێپەروام نەمەرگ مەژنۆو گۆشم
گۆشە نشینیم کەردەن وەپیشە
پێشەم بیەن خاك بە رامان ڕیشە
تاتای زوڵفەکەت تا نەکەروو بۆ
تا هۆرنەمجوو داخانم پەی تۆ

تا نەبۆ وە گوش نەوای نازەکەت
گوشی هوش نەدەو من وە رازەکەت
تا پاراو نەبۆ دەیمەکەی دەروون
پارو پیراری خەمان ویر بەرون
تا هەنگی روحم نەرووی گولی رووت
نەنیشو بی خەم چەنێ بەختم جووت
ئاوارە نارو پەی ناری دەروون
جە یاد نەبەرو دەردانی بیچوون
شەرتەن یا خوگول حەرام بو وەنەم
هەر جەم بو جەلام خەرمانانی خەم
مەکەروون شادیو گەشتی ناو چەمەن
تا سەرووی بالات توریا نەچەمەن
چەمەن چەمەنەن گولەن گولالەن
قیبلەم وەبێ تو گردش بەتالەن

کرماشان ـ ١٩٧٠

# نامەی دۆست

ئازیز یارەکەی وەفادارەکەم
دۆسە یەك پۆسە بێ قەرارەکەم
یاوا نامەکەی گوڵ ئەندامەکەت
ڕەشحەی ڕۆح پەروەر دەسو خامەکەت
ئاو پرژێنش کەرد دڵەی ئایرین
ساتێ خامۆش کەرد گڕو گڵپەو تین
دڵ چون سەماوەر وە ناری دووری
هەر ها نەجۆشی دەردی مەهجووری
مەر نامەی یاران ئارامش کەرۆ
ساتێ مەینەتان جەیادش بەرۆ
بەڵام هەم جە نۆ وە گڵپەی دووری
مەیۆوە وە کوڵ نیەن سەبووری
مەر وێش وە کەرەم دیدەنی یاران
کەرۆن وە نەسیب چون جاری جاران
جەم جە دەوری هەم جە یاد بشۆ خەم
نەمەنان هەورو، کزەو تاسەو تەم
«ئەوسا تەنووری» دڵەی پرچە دەرد
وە ئاوی دیدەن خامۆش مەبۆ سەرد
وەرنە گڵپەی دڵ ئایری دەروون
کەردەنش خەستە جەستەکەی زەبوون

تاران ١٢/١٢/١٩٧١

# یەکڕەنگی

خامە کەوتەن ڕانەڕوی سەفحەی زەرد
هۆر مجۆ زوخاو تاسەو ناڵەو دەرد
گرد جە دووری تۆن دووریت ستەمەن
بێ ناڵەو دەردە هێمان هەر کەمەن
من وەی دەردو ئێش وەی حاڵەو ناڵە
ئاخۆ تۆپەی من چۆن بای براڵە
من هەر یەك ڕەنگم هەر چۆن بای دیدەم
تۆی برای سەروەر تۆی بەرگوزیدەم
جەورو زەجرو لوتف مەیلو ستەم بۆ
ئیخلاسم یەك ڕەنگ مەبۆ قەت کەم بۆ

کرماشان ـ ١٩٧٠

# تیری یار

شەرت بۆ بناڵوو تا رۆکەی مەحشەر
هەتا ڕویۆوە گیان مێوە وە بەر

جە تیرێ کەتۆ دانت نەجەرگم
هووناوش سەرکەرد وە بانی بەرگم

بیارە - ١٩٥٠

# ئازیزم

ئازیزم نامەت یاواوە دەستم
ئەنگوشتی حەسرەت وەددان گەستم

من هەر ساتو دەم پەی دووری دیدار
مەڕێزنوو ئەسرین چوون هەوری بەهار

واچو چێش ئازیز ئەڵبەت نەسیبەن
غەریبیی دیدار، دڵ بێ تەبیبەن

***

یادتا وە خەیر بکەردێ یادم
شادش بکەردێ رۆحی ناشادم

خۆ من شەوو رۆ هۆشو خەیاڵم
هان جە لای یاران عومری بەتاڵم

کرماشان ۱۹۷۰

# نۆبەرەی دیدار

دەرونم پڕ زام جەسەم پڕ دەردەن
ئاینەی تەبعم پڕ تەمو گەردەن

یەکجار دووری تۆ پاسە پێم کەردەن
وستەناش نە تۆی گێجاوی مەردەن

خوا کەرەمێ فەسلێ وەسڵێ‌یار
نۆ بەرەش باری چەنی نۆوەهار

ئەحمەد ئاوا ۱۹٥۹

قوربان گیان نامەی پڕمهرت یاوا
چوون مەڵهەم زامان دەروونش ناوا

وەدەستی ئیخلاس وەدیدەی نمین
موتاڵەش کەردم وە دڵێ حەزین

بی وەرۆشنایی دیدەو دەروونم
پڕبی جە شادی جەسەی زەبوونم

١٩٦٤/٣/٧
مەحمود ئاوای دووڕۆ

## ڕەنگی زەردم

صەفحەیچ چوون دیمەن ڕەنگش زەرد بیەن
چمان وێنەی من مەینەتان دیەن

جە هەرلا دۆسو کەسێ شك بەرۆ
مشیۆ شکاتو ڕەنگەو وێم کەرو

کرماشان ١٩٦٩

# پێڕست


| | |
|---|---|
| کورتە سەرگوزشتەیەکی<br>ژیانی شاعیر | ٥ |
| بەناوی خودا | ٩ |
| پێشەکی | ١٣ |
| سەرجەمی بەرهەمی ژیان | ١٥ |
| **بەشی پیاهەڵدان** | ٢١ |
| جوانیی سورووشت | |
| لەبەهاردا | ٢٣ |
| قەرەمنگۆک | ٢٩ |
| جەژنی نەورۆز | ٣٠ |
| جەژنی نەورۆز | ٣٢ |
| خۆشیی ڕەمەزان | ٣٤ |
| ڕانەبێرە | ٣٦ |
| ژینی مەلا لەکوردەواریدا | ٤٠ |
| فەرهاد | ٤٢ |
| بەفرباریین | ٤٤ |
| وێنەجوانی | ٤٦ |
| هەر لەئێستاوە | ٤٧ |
| شەریکەدەرد | ٤٨ |
| ماڵ ئاوایی | ٤٩ |
| ڕەشەبا ئامان! | ٥٠ |
| دەنگی دڵ | ٥١ |
| لە خۆشیی تۆوە | ٥٢ |
| یادی ئێوە | ٥٣ |
| ئەزانیی بۆچی؟ | ٥٤ |
| لەگەڵ خەم | ٥٥ |

نامەی خوارو خنج ٥٦
بۆهاوڕێی شکارم ٥٧
تەلەفۆن ٥٩
نامەی شیرین ٦٠
کوڵێك لەگوڵزارا ٦١
حاجیە چڵکنە ٦٢
عەزیزم ٦٣
چاوەکەم ٦٤
شینیباوك ٦٥
شینیدایك ٦٧
شینی برا ٦٨

## بەشی فەلسەفەو ئامۆژکاریی ٧١

گەنجینەی دڵ ٧٣
دەست و پێی خەناویی ٧٤
دڵسۆزکامە؟ ٧٧
بۆی کوڵاو ٧٨
دوا ڕۆژی ڕووناك ٨٠
بێ وەرزن ٨٢
هەژاری ٨٤
لاشەی نازاران ٨٥
لەگەڵ دڵی خۆما ٨٦
بانی خەیاڵ ٨٨
دوو ڕۆ بۆ بویە مەرکەز؟ ٨٩
زوان لە ڕوانگەی منەوە ٩٠
ناکامی ژیان ٩١
هەر ئەبێتە گڵ بۆ کوێ ئەچێ دڵ ٩٣
مەزرەعەی مەینەت ٩٤
داری بێبەر ٩٦
ئەسپی خەیاڵ

| | |
|---|---|
| هێلانەی چۆڵ | ١٠ |
| مەزرەعەی سینەم | ١٠٤ |
| ئاڵوگۆڕ | ١٠٥ |
| ڕۆژگاری ڕەش | ١٠٦ |
| دڵم بۆ دابە ئاوو گڵ | ١٠٧ |
| **بەشی خۆشەویستیی‌و خۆش ویستن** | ١١٣ |
| لێوی ئاڵت | ١١٥ |
| بۆ تاقە خۆشەویست | ١١٦ |
| فەرقی من و بولبول | ١١٧ |
| سەیری گوڵ | ١١٨ |
| لەیلی بێ بەزەیی | ١١٩ |
| ناڵەی بولبول | ١٢٠ |
| دڵبەری زیزو دڵداری | |
| ئارەزومەند | ١٢١ |
| کڵاوی بابردوو | ١٢٣ |
| لاشەی سووتاوم | ١٢٤ |
| **بەشی ئایین‌و تەصەووف** | ١٢٥ |
| لەگەڵ خودای خۆم | ١٢٧ |
| ئیمان کامە | ١٢٨ |
| فەلسەفەی ژیان | |
| لەڕوانگەی ئایینەوە | ١٣٠ |
| ڕێبواری ڕێگەی خۆشەویستی | ١٣١ |
| نرخی مرۆڤ لەڕوانگەی | |
| تەصەووفەوە | ١٣٢ |
| هۆنراوەییک بۆ دوای مردن | ١٣٦ |
| **بەشی خۆش ویستنی گەل‌و نیشتمان** | ١٣٩ |
| نیشتمانی دواکەوتوو | ١٤١ |
| مۆژدە | ١٤٤ |

| | |
|---|---|
| | ١٤٥ |
| بۆیاران | ١٤٦ |
| بەراوردێک | ١٥٠ |
| باغی ئازادی‌ی | ١٥١ |
| سەر لێ شێوان | ١٥٢ |
| بۆ حەمەی شەوکەت یاریان | |
| سەرکوزەشتی من و | ١٥٤ |
| زوانی کوردی | ١٧١ |
| **بەشی هەورامی** | ١٧٣ |
| پیرم فریام کەوە | ١٧٥ |
| دوا کۆچی لەیل | ١٧٧ |
| خامە | ١٧٨ |
| تاڵەم | ١٧٩ |
| دەردی دووری‌ی | ١٨١ |
| نامەی ئایرین | ١٨٣ |
| کۆچ | ١٨٤ |
| پەشیمانی‌ی | ١٨٦ |
| سەرگەردانی‌ی‌ی | ١٨٩ |
| شکاری کۆساڵان | ١٩١ |
| بای بێ ماوا | ١٩٣ |
| چەژنی دوور وڵات | ١٩٥ |
| هەوری مەینەت | ١٩٦ |
| گەشتێک لەناو باخ و گوڵاندا | ١٩٨ |
| نامەی دۆست | ١٩٩ |
| یەکرەنگی‌ی | ٢٠٠ |
| تیری‌یار | ٢٠١ |
| ئازیزم | ٢٠٢ |
| نۆبەرەی دیدار | |
| رەنگی زەردم | ٢٠٤ - |

الجمهورية العراقية
وزارة الثقافة والاعلام
دار الثقافة والنشر الكردية
التسلسل رقم (١٨٨)

مجموعة قصائد

# ثمرة الحياة

أمين النقشبندي



السعر (٣) ثلاثة دنانير    دار الحرية للطباعة